Dr.Saleh Ebrahimi



حەزرەتی سوڵتانلعورەفا حاجی. سەید عەبدوللاّ گەیلانی زادە (نەهری شەمزینان) لە ساڵی ۱۹۲۱ی زاینی لە شاری حەلەب بەریاسەتی مەجلیس و کۆنگرەی یەکیەتی کوردو ئەرمەنی (بە رەی یەکیەتی راپەڕینی داشناك و خۆیبون) هەڵبژێردرا، هەروەها لەساڵی ۱۳۲۴ی کۆچی هەتاوی لە شاری تەورێز کراوەتە رەئیس و سەرۆکی کۆنگرەی هاوکاریو هاوپەیمانی و دۆستی و رامیاری و نزامی دەوڵەتی کوماری مەهاباد و کوماری ئازربایجان قسە کردن لە خەبات و تێکۆشانی پێشەوا حاجی سەید عەبدوللاّ گەیلانیزادە لەم نیو سەدەی دوایە لە کوردستاندا زۆر گرینگ و شیاوی باسە، چونکا ماڵ و مەنزڵی حەزرەتی شێخ پەناگای ئاوارەو هەژار و لێقەماوانو ستەم لێکراوان بو، ئەو زاتە گەورە، بۆلابردنی زوڵم و زۆر وێژیو دامەزراندنی دۆستی و ئاشتی لە نێو نەتەوەی کوردو ئەرمەنیو عەرەبو تورکو فارسو سەرانی هۆزەکانی کوردە واریدا، نەخشێ زۆر دیار و گرینگی هەبو، ئەوە بو لەناو دڵ و دەرونی هەمو نەتەوەو چینەکانی جیاجیا بە تایبەت لە کوردستان و ئێران و تورکیا و عێراقدا جیێ کردبوەوەو هەموکەس خۆشی دەویست و سەری تەعزیمی بۆحەزرەتی شێخ عەبدوللاّ گەیلانی زادە دەچە مانەوە، هەرئەمەش بووەهۆی ئەوە دەوڵەتی روسو ئینگلیس و تورکیا و قاجار وپەهلەوی ئەندێشی لیێ بکەن.

خواناس وزاناو هۆزانی مەزن حاجی خەلیفە مەلا محەمەد باڵە قولو (بەها) کە مەلابرایمی کوری لە ناسنامەدا (ئیبراهیمی محەمەدی) وەرگرتوە، کەئەمین حوزوری حەزرەتی حاجی سەید شێخ عوبەیدیلای نەهری وحەزرەتی حاجی سەید شێخ عەبدولقادر گەیلانی زادەبوە. حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) برەشێعرێکی بۆ هاتنەوەی حەزرەتی حاجی سەید شێخ عەبدولقادر گەیلانیزادە، ناودار بە غەوسی سانی داناوە کە لەتایفی حیجازەوە، بۆناوچیاونەهری گەراوەتەوە، ئەبێ بزانین کەحەزرەتی شێخ عە بدولقادر گەیلانی زادە لە ۱۸۴۲ زاینی لەناوچیا لە نەهری لەدایك بوەولەساڵی ۱۹۲۵ زاینی بەدەسی مستەفا کەماڵی خوێن رێژو ستەمکاری تورکیا لەگەڵ حاجی سەید محەمەد-ی کوریو کۆرێ زۆر لە پیاوەگەورەو ئاینییەکانی کوردی تورکیا شەهید کراون و ۷۸ سال تەمەنی موبارەکی بوەو حەزرەتی شێخ عوبەیدیلای شاهی شەمزین مەلیك غازی نەهری (قُدِّسَ سِرُّهُ): لە ۱۸۲۰ی زاینی لەدایك بوەولە ۱۸۸۳ زاینی لە تایفی حیجاز وەفاتی کردوەو ٦۸ ساڵ ژاوە[1].

---

۱- حەزرەتی مەولانا خالید شارەزوری نەخشبەندی لە ۱۱۹۳ی مانگی لە دایك بوەو لە ۱۲۴۲ی مانگی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەمەش ئەوبرە شێعرەی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) کە بۆ هاتنەوەی شێخ عەبدولقادر ناودار بەغەسی سانی داناوە:

## کەلام - ی بەها

مـــوژدە بــێ ئەی بــولبولی دڵ، جــانی گوڵستــان هــاتەوە
مــوژدە بــێ پــیری موغـان، جـان بـە خشـی مەستـان هـاتەوە
شـــاهی ئەقتـــاب عـــەوسی شـــەمزین شـــەمعی دیـــن
مـــەرکەزی قـــوتبی مـــەدارو سوڵتـــانی خوبـــان هـــاتەوە
جـــێنشینی شـــای بوخـــارا غـــەوسی ئـــەعزەم قـــوتبی دیـــن
پـــێشەوای ئـــەهلی یـــەقین غـــەواســـی عیرفـــان هـــاتەوە
گـــەوهەری بـــەحری سەفـــاو مـــەعدەنی عـــیلمو وەفـــا
مـــەزهەری نـــوری تـــەجەلا، نـــوری ئیمـــان هـــاتەوە
پـــیری مەیخـــانەی تـــەریقەت ســـاقیی مەستـــانی حـــەق
رەهنەمـــای راهـــی حـــەقیقەت لوتـــفی یـــەزدان هـــاتەوە
مـــورشیدی ئـــەرشە دلەبـــۆشەرعی موتـــاعی ئـــەحمەدی.
دەســـتگیری رێـــی هـــیدایـــەت ســـەدری ئەرکـــان هـــاتەوە
کـــانی ئەوســـافی کەمـــالات، دوری دەریـــایی فـــەیزی‌نور
کـــانی ئیرشـــادی تـــەریقەت قـــوتبی دەوران هـــاتەوە
حَـــمْدُلِلّه، شُکْـــرِلِلّه وەک سولەیمـــان هـــاتەوە
غـــەوسی ســـانی، جـــێ نشـــینی شـــای نـــەخشبەند هـــاتەوە
جـــان بـــدەی بـــەو مـــوژدەگـــانی ئـــەی (بەهـــا) هێشتـــاکە مە
هـــەردو چـــاوی بـــا لەســـەر بـــێ نـــوری چـــاوان هـــاتەوە.

شێخ عەبدوللا مەدینەیی لە ساڵی ۱۹۲۱ زاینی ئەم برە شێعرەی خوارەوەی بەزاراوەی کرمانجی ژوورو لە شینی حەزرەتی شێخ عەبدولقادر گەیلانی زادەی نەهری شەمزینان ناودار بە غەوسی سانی شەهیدی رێی دین و نیشتمان وقورئان و ئیسلام فەرموە:

وەفاتی کردوە و ۴۹ ساڵ ژیاوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



# شێعر یا شیننامە:

ئـاسمانا حـەقە بـل اللـە خـوین بگـریەن بـەر زەمـین

بـۆ قـەزایـا غـەوسی سـانی پـیری نـەهری قـوتبی دیـن

ئـەوچ سـالن ئـەوچ مـاهن ئـەوچ رۆژن بـێ حیسـاب

پـرحـەوادیس لێدەربـارن کـەس چدەوران ئـەونەدی

شـەوشی نزمـادنێ ئـاخر زەمـان رابـو لمـە

کەوکەبـا کـوردان غـوروب کرئـا بـەدەستێ مـول‌حیدین

خـەنجەرێت جـەورا دتورکـان چـونە جـەرگێتە (غـەریب)[1]

تـا ئـەبەد دی هـەرب‌خوین بـیت بـۆتە مـیلاکـا پـربرین.

شێخ عەبدوللاّ مەدینەیی دۆستی بنە ماڵەی ساداتی نەهری بوە.

مامهەژار شاعری هەرە زاناو مەزن لەبارەی مەولانا خالیدەوە ئەڵی:

کـە سـەردستەی هـەمو مەسـتانە خـالید

نـە مـامی بـاخی کوردسـتانە خـالید

فـیدات بـم نیشتمـان بـۆ شـارەزورت

رونـاکـە شـامو ئـەستەمبوڵ بـە نـورت

مەبەست لە ئەستەمبوڵ شێخانی شەمزینە هەروەکو دەڵێ:

بـە عـەبدوللاّو تـاها پـیری شـەمزین

لە داوای دیـن نەمـاندو بـون، نـەشەمزین

شـەمی دڵبـون و زەیـنی مـەحفەلی دیـن

وەتەن هەرشاد بـیی! وا دوکـورەت دیـن.[2]

---

۱ - غەریب بە حیسابی ئەبجەد ئەکاتە ۱۹۲۵ کەلە ۱۹۲۵/۳/۲۴ ی زاینی لەسەر کوردایەتی لە سێدارە دراوە.

۲ - سیلسیلەی نەخشبەندی، دانەر: کاک رەحمانی مسباح قازی پەرەی ۳۱ تا ۳۰ چاپی ۱۳٦۹ ئینتیشاراتی صەلاحەدین ئەیوبی و رمێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



## نەتیژە:

ساداتی نەهری یا شێخانی شەمزین (قُدس سِرُّهُمْ العَزیزْ) بە نۆبەی خۆیان لە رێگای عەمەل بە قورئان و دەستوری ئیسلامو لەرێگای ئەم ئایەتە شەریفەوە: (الا بذکرالله تطمئن‌القلوب) خەڵکیان بۆزیکرو یادی خوا بانگ کردوە، تالەم رێگایەوە دڵو دەرونیان ئارام بگرێ، یەکیەتی، برایی‌و بەرانبەری لەناو خەڵکدا پێک بێنن و لەرێگای قورئانەوە ئاشتی‌و روناکی‌و ئازادی‌و خۆشەویستی لە ناو بەرەی موسڵمانان، بە تایبەت لە نێو کورد، بەدی بهێنن.

سەرنج راکێشە ئەگەر مرۆڤ بتوانێ دڵنیایی لەدەرونی خۆیدا سازبدا، توشی نەخۆشی عەسەبی و رەوانی نابێ - موعجیزەی قورئان و کاری خواناسان‌و عورەفای کوردیش لێرەوە باشتر، دەردەکەوێ. کە چ خزمەتێکی گەورەو خودایی‌یان بە نەتەوەی کورد و بەرەی مسوڵمانان کردوە.[1]

## هۆی راپەرینی حەزرەتی مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین:

ستەم کارانێکی وەکو تورکی وەسمانی، نالە پێ‌پان، مەغولەکان، صەفەوی‌یە بەفێڵەکان، قاجارەکان‌ورەزاکەچەڵ وحەمەزەرای دەرکراو، زوڵمیان لەم نەتەوە مسوڵمانە کردوە، بۆ وێنە لە مێژودا ئەگێر نەوە هەمزاغای مەنگور لەترسی گرتن و کوشت‌وکوشتاری کاربەدەستانی تورکی وەسمانی ستەمکارکە بەدرێژایی مێژو پەلاماری کوردیان داوە بۆلای هۆزو تایفەوزێدو نیشتمانی خۆی بۆئێران گەرایەوە، بەڵام چونکا لەودەمەدا لوتفعەلی میرزا (کێشکچی باشی) لە سابلاغ (مەهاباد) بە زۆر حوکومەتی ئەکردو هەمیشە بە زۆر ریشوەی لەخەڵکی وەرئەگرت وخۆی هەڵ دەماساندو خۆی بەسەر خەڵکدا قەف ئەکردو هەروەک باقی شازادە ستەم‌کارەکانی پێشوی قەجەر دەسی کرد بە زوڵم‌و روتاندنەوەی کوردو کوردەواری‌و

۱ - ژمارەی یەکەمی ئاوینە ئیسفەندی ۱۳۶۸ لاپەرەی ۱۵ تا ۱۸ و ژمارەی دوەم لاپەرەی ۴۴ تا ۴۹ پوشپەری ۱۳۶۹ی هەتاوی تاران مەکۆی تەبلیغاتی ئیسلامی بە قەڵەمی (شەپۆل) لەچاپدراون.

Dr.Saleh Ebrahimi



گرتن و جەریمە کردن، فەیزوللاّ بەگی گرت و زەنجیری کردو هەزارو پێنصەت تمەنی ئەو زەمانەی لێ سەند ئەم فەیزوللاّبەگە، هەرئەو بەگزادە کوردەیە، کەچەندین جار بیانویان پیگرتوەو تالاّنیان کردوە، هەروەها لەسەردمی: (صاحب دیوان) بیانویان پێگرت وگرتیان و زۆر درندانە ئەشکەنجەیان داو چوار مانگیان گرت و پێنصەت تمەنیان لێ سەند، بەلێ بنەماڵەی قەجەرو کاربەدەستانی ئەورێژیمە، وەکوگورکی برسی و دەم چەور کەوتبونە ناوخەڵکی نەجیب و جسنی کوردو خوێنی خەڵکیان ئەمژی و دادڕ دادڕیان خستبوە ناوخەڵکی بێ تاوان و بێ دیفاع و خەریکی راوەروت بون.

لەو سەردمەدا (هەمزاغا وقادراغا) هەردوکیان هاوکاری (لوتفعەلی میرزا) یان ئەکرد، بۆکۆکردنەوەی ماڵیات و شەکەزەکات دان بەحوکەمەت (کێشکچی باشی) ویستی (قادراغا) بکاتە پێشکارو بەرپرسیاری سوروسات و ماڵیات وەرگرتن. بەلاّم لەبەر ئەوەی پێشکاری ئەبوەهوی ناکۆکی لەنێوان ئاغایان وبەگزادەکاندا، وبەرئاوەژوی بیروباوەری بەگزادەکان بولە لایەکی ترەوە، جا ئەوەبو (قادراغا) لەبەر چەنشت پێشکاربونی دایەدواوە، لوتفعەلی میرزا، ئەحمەد بەگ وەکیل رەعایای کردە پێشکاری خۆی، وەرقی لە قادراغاهەڵگرت و قادراغاش خۆی،دزی یەوە،چوەوە گوندی خۆی، وەدوای ئەو، هەمزاغای مەنگوریش ویستی بگەرێتەوە گوندی خۆی، بەلاّم لوتفعەلی میرزا ویستی دەس بەسەری بکاو، هەرەشەیشی لەقادراغاکرد.

بەلاّم هەمزاغاگەرایەوە دێیەکەی خۆی ودەسی گرت بەسەری خۆیدا،کەچی لوتفعەلی میرزا، چون قین لە دلّبو، لەمانگی رەمەزاندا بە حوکومەتی تەوزێری راگەیاند، کە ئەوانە یاغی بون ولەو سەردەمەدا (ئیمان قولی میزرا) کوری (مەلیک قاسم میرزا، لەدێی خۆیەوە بۆدیدەنی (لوتفعەلی میرزا چوەسا بلاّغ (مەها باد) هەمزاغای لەگەلّ لوتفعەلی میرزا ئاشت گردەوە، هێمان قسەی ئەو ئاشتی یە، نەگەیشتبوەدێ، لوتفعەلی میرزا دەستوری دا یەکێک لەخزمەکانی قادراغایان گرت، بەبەیانوی ئەوە ماڵیاتی کەوتۆتە دواوە، هەمزاغا ئەڵێ: خزمی قادراغایەو ئەتوانێ سوروسات و ماڵیات و شەکەزەکاتی خۆی بدا جاتکایە مەی گرن، ودوای چەن رۆژ (عەزیرئاغای فەتاح)، کە یەکێک، لەدۆستانی نێزیکی هەمزاغابو، زیندانی کرا، بۆئەوەی جەریمەی بکەن.

لەم لاشەوە فەرمانی گرتنی هەمزاغا لە تەورێزەوە هاتبو، چونکا تەورێزیش چاوی لەدم وکاوێژی لوتفعەلی میرزا بو، رۆژێ لە رۆژان هەمزاغا بەخەیالّ، بۆ قەول وقەراری ماڵیات و سورانەو بۆتەواو کردنی کاری (عەزیر ئاغای فەتاح) لە کاتی خۆرئاوا بوندا، خۆئەکا، بە

Dr.Saleh Ebrahimi



(دارولحوکومە)داو میرزائەبولقاسم تەزکەرەنوسی دەولە ت، ئەبێ، ئێستا ئیمە لەزمانی ئەوپیاوە، بەسەر هاتەکەتان بوَ دەگێرینەوە:

من لەویَ لە وەتاخی خوار، لوتفعەلی میرزا دانیشتبوم‌و (میرزاتەقی موحەرەر)یش لەوێو بو کە خوَی لە هەمو کارێک تیَ هەڵدەقورتاندو کەوچکی ناوهەمو کاسەیەک بو، ببوە هوَی فیتنەو فەسادو ئاژاوە نانەوە. لەناکاو، دیمان هەمزاغا لەگەڵ یەکێک لە برازاکانی، وە نوکەرێک‌و چەن قلیان‌دار، خوَیان کرد بە ژوَرداو دو نوَکری تریشی لە دەریَ بون لە بابەت سورو ماڵیاتەوە لەگەڵ (میرزاتەقی) بوەدمە قاڵەیان، میرزاتەقی ماڵیاتی هەمزاغای بەدوهەزار تمەن دانا و هەمزاغایش لەوە رامدا پییَ وت: ماڵیاتی ئەسڵی ئیمە هەمیشە چوارسەت تمەن بوە، میرزاتەقی بە هەمزاغای وت: ئەی بوَ پارە کە لە حوکومەتی میرزا محەمەدخان‌دا هەزارتمەنت ماڵیات، دا؟ هەمزاغا وتی: چوا رسەت تمەن ماڵیات بوو دوسەت تمەنیشم، بەپیشکەش پیداوە، ئەگەر توَیش بتەویَ دوسەت تمەنت ئەدەمیَ، تازە لەو دەمەوە کە من لەم شارەم هەر خەریکی خزمەت بە دیوان بوم زیاتر لە هەشت‌سەت تمەنم خەرج کردو ە. میرزاتەقی بە دژی هەمزاغا، بوَ سوک کردن وتی: چ‌خزمەتێکت بە دیوان کردوە؟ کەتوَ خاوەن‌و سەروَکی هەزار بنەماڵەی، وەلەهەرخانوادە دو تمەن وەر ئەگری، ئەبیَ نیوەی ئەم دوهەزار تمەنە، بە (لوتفعەلی میرزا) بدەی، میرزاتەقی، جورێک قسەی ئەکرد، بوەهوَی تورەیی‌و دلێشانی هەمزاغاو لەودەمەی‌دا، میرزاتەقی، هەستاو گوتی: بابروَم ئەم قسانە بە (لوتفعەلی میزرا) بڵێم، رویی‌و گەرایەوەو دانیشت، ئەونەی پیَ‌نەچو، کەفەراشباشی لوتفعەلی میرزا، لەگەڵ فەراشیَ‌تردا کە زنجیرێکی بەدەسەوەبو هات‌و روی کردە هەمزاغا، وەپییَ‌وت: (لوتفعەلی میرزا شازادە) ئەم زنجیرەی بوَتوَناردوە، ماچیکە. هەمزاغا کاتی ئەمەی بیست‌نەڕاندی‌و دەسی‌برد بوَخنجیری بەر پشتینی، وە بەتورکی وەسمانی وتی: (مەن بونی قەبول ئیتمیم): من ئەمەم قەبول نییە، هەڵی کیشا خەنجەرو روی کردە فەراشباشی و میرزاتەقی هەردو ترسان هەڵاتن‌و چونەلای لوتفعەلی میرزا، کە لە نهوَمی دوەم، چاوەروانی نەتیژەی فەرمانەکەی خوَی‌بو، (ئەمین تەزکەرە) ئەڵیَ: مینش خوَم بەدیوارەکەوە نوساندو لەترسا چاوم موَلەق وەستابو، تەماشام ئەکرد، هەمزاغا زو چراکەی کوژاندەوەو لەگەڵ برازاکەی خویدا لەپەنجەرەوە خوَیان دەرباز کرد.

لەوتاریکایی شەوەدا، دەنگی چەن تەقەی تفەنگ لە حەوشەوە هات، برازای هەمزاغاو قلیاندارەکەی گوللەیان لیَ درابو، هەمزاغا بە خنجیر یەکێک لەنوکەرەکانی لوتفعەلی میرزای لە ئەرزداو ئەوی تریان هەڵات.

Dr.Saleh Ebrahimi



# هەمزاغا

هەمزاغا لەبەر ئەوەی وای دەزانی لەبەرا تەگبیریان لیّ کردوە. دەروازەی حەوشەیان لیّگرتوە، روی کردەدرگاو زو چوە دەریّ، قەرەول بەسەر نیّزەی تفەنگ روی کردە هەمزاغا، کەنەیەلّیّ دەربازبیّ هەمزاغا، بەدەسیّکی سەرنیّزەی تفەنگەکەی ئەگریّ و بەدەسەکەی تری خنجیّریّکیوا لە سەربازەکەئەدا جیّ بەجیّ ئەی کوژیّ، وەبەر لەوەی بڕواتەدەریّ ئەچیّتە زیندان و عەزیز ئاغا بانگ ئەکا، بەلاّم وەک زانراوە، لەودەمەیدا، نۆکەرەکانی لوتفعەلی میزا عەزیز ئاغایان بریندار کردبوو بردبویانە شویّنیّکی دیکە، کاتیّ هەمزاغا وەلاّمیّکی نەبیست، روی کردەدەروازەو بەقونداغە تفەنگی سەربازی، دای لەسەردرگاوانەکەوتخیّلّیی کردو لەگەلّ دوپیاوی خوّی دەروازەیان کردەوەوچونە دەریّ.

ئەمین تەزکەرەئەلّیّ: کاتیّ هەمزاغارویی تیرها ویشتن بیدەنگبو، چومەلای لوتفعەلی میزرا دیتم یەکیّکلە نوکەرەکانی تفەنگیّکی (مارتینی) بەدەسەوەیەو لەسەر پلیکانەکان بۆپا راستنی شازادەراوەستاوە. کاتیّ چومە ژوریّ دیتم لوتفعەلی میرزا شازادەرەنگی سپی هەلّگەرابو تفەنگیّکی مارتینی بەدەسەوەگرتوەو وەکوسەگ ئەترسیّ وئەلەزریّ وتم: گرتنی هەمزاغا وانابیّ، وتی روی فەراشباشی رەش بیّ وفەرا شباشیش لەو دەمەیدا لەویّ راوەستابو کەمنی بۆگرتنی هەمزاغالە هەربارو بابەتیّکەوە دلّنیا کردبو، کەچی وایش نەبو، دەلّیّن: خەتا تالّە کەس وەئەستوّی ناگریّ، شازادە خەتاو تاوانەکەی خستەسەر شانی فەراش باشی.

لەودەمەی دا ئەحمەدبەگ، کە تفەنگیّکی مارتینی بەنەرەی شانەوە بو، هاتودەسی بەقسەکردو وتی: (شازادە، لەبەرت مرم من کەی بەتۆمو ت کەهەمزاغا ئاوا بگرە وقولّ بەستیکە، ئەویش لەم کاتی شەوەدا ئاوا بیّ تەگبیرانەوبیّ وادە. پیّویست بو لەبەرا هەوالّت بەچەن کەس بدایّی تا بەروژی روناک بیگرن) لەم قسانە دەرکەوت کەلە پیّشدا زوّر بەهەلّەچبو.

لوتفعەلی میزرانەی زانیبوکە ناتوانّی سوکو ئاسان هەمزاغا، هەروەک (فەیزوللاّبەگ) بگریّ وبالّ بەسەتە، بیخاتە زیندان.

لەبەر ئەوە زوّر بیری لەگرتنی هەمزاغا نەکردبوەوە، لای وابوە ئەمیش وەکو (فەیزوللاّیەگ) ئاسان خوّ ئەدا بەدەسەوە، زنجیری بوّنار دوە، ماچی بکا وبیکاتە دەسی، لەنەتیجەی بیّ فیکری و تەماعکاری توشی ئەو کەندوکوّسپە هات، دیارە مەبەستی لوتفعەلی

Dr.Saleh Ebrahimi



میرزا کەئەیویست بەشەو هەمزاغابگرێ هەروەکو هەموخەڵک لایان وابو، بۆئەوە بوە بەشەوپولێ یادر اوێکی لێ بستێنێ و ئازادی بکا وکەسیش پێی نەزانێ.

جا دوای ئەوەی هەمزاغا لەدەروازە چوەدەرێ وگەیشتە کولانێك روانی کە هیچ جۆرە تفەنگچی و قراولّ وجندرمەیەك نییە. لەوەی کەبەر لەدەرباز بون، لوتفعەلی میرزاونوکەرەکانی نەکوشت پەشیمان بو، بەلام تازە سەر راوی لەکیس جبو.

ئەوشەوە تارۆژ هەر دەنگی بگرەو بەردەبو، شاری پرکردبو. خەلّکی دزی و دروزنی و خەیانەتی شازادەیان، بۆدەرکەوت، جا لەبەر ناچاری بەتکای یەکێك لەمەلاکانی شار عەزیز ئاغایان ئازادکردو جەنازەی برازاو پیاوەکانی هەمزاغایان دایەوە. هەمزاغاجەنازەکانی هەڵگرت وبردییەوە بۆ دێ، تابیان نێژێ.

**هەڵە** لەم لاشەوە لوتفعەلی میزرا تێ گەیشت کەهەڵەیەکی گەورەی کردوەولەکەندو کۆسپی دوا رۆژ ئەترساو یارمەتی لەحوکومەتی ئازربایجان داوا کرد، تەوزێریش محەمەد حوسێن خانی لەگەڵ بیست سواری بەختیاری و محەمەد سادق موقەدەم ئاجودان باشی و رەحیم خان چەلبیانلویی بەهەشتاد سوارنارده سابلاغ: (مەهاباد) فەرمان بۆقادراغاو فەیزوللا بەگ وچەن کەسی تر درا، کەهەمو پێکەوە لەشکرێك لەژێرچاوە دێری شازادە رێك بخەن بۆ گرتنی هەمزاغا.

بەلام لەبەرئەوەی جێگای هەمزاغاو هۆزەکەی چیاوچرو هەڵەتوزەردو بەردی زۆرە نەیان توانی بەهەمزاغا بڵێن: (لە ل). سوارەی حوکومەت لەهەر لایەکەوە چونە شاری سابلاغ: (مەهاباد). بەلام سوار ەکانی چەلبیانلو لەرێگا دەسیان کردبەتالان و دزی و خەڵك روت کردنەوە.

**هەمزاغا** لەم لا شەوە هەمزاغا، بۆ ملە بەملانێ کردن، کەوتە ئەو بیرە کە هۆزی پیران کە سەرۆکی ئەوان (مامەنداغا = مەمەند" بوو نێزیکی ناوسنوری حوکومەتی تورکی وەسمانی بو، لەگەڵ هۆزی (زودی) کە سەرۆکی ئەوان سوراغای برازای خۆی بو، یەکیان بخاو وێرای یەکترین لە بەرانبەری زوڵم و زۆرویژی قەجەردا راوەستن. بەلام (کاکەللاغا)ی برای هەمزاغا کە دوای گەرانەوەی هەمزاغا سەرۆکایەتی هەندێ لە هۆزەکەی لەدەس د او کەوتە بەر فەرمانی هەمزاغا لەگەڵ هەمزاغا رێك نەکەوت، لای وابو هەمزاغا دەرۆستی حوکومەت نایێ و هەڵدی و دوبارە سەروکایەتی هەمو هۆزی مەنگور ئەکەوێتە بن فەرمانی (کاکەللاغا) خۆی.

Dr.Saleh Ebrahimi



هەمزاغا لە سەردەمی زیندانی بونیدا، کە تەق‌وچەفێ زۆری دیبو و تەجرەبەو ئەزمونێ زۆر فێر ببو. **لەوە ئەگەرا پشتیوانێکی قەوی و بەهێز بۆ خۆی پەیا بکا، ئەوەبو روی کردە (پیری دستگیر، عاریف و خواناسی گەورە، حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری: نایری مەلیک غازی شاهی شەمزین).** جا لەبەر ئەمە باش‌وا یە، هەندێ لە بابەت حەزرەتی (مەولانا شێخ عوبەیدیلا)وە قسە بکەین: شێخ‌زادە (شیخ عەبدولقادر) شیخ‌زادە کە ناز ناوی (عەوثی ثانیان) پیدابو، زۆر سادە ئەژیا، سەراو پەردەی بو خۆی ساز نەدا بو، تەنیا چادر یـا (دەوار)ێکـی ئاسایی‌و سادە بو، ئەویش وەکو ئەوانی‌تر بێ جیاوازی‌و بێ تەجەمولات ئەژیا، بەڵام خەڵك بە گیان ودڵ پیان خۆش‌بو خزمەتی شێخ و شێخ‌زادە، بکەن‌و وەکو چاوی خۆیان ئاگایان لەوان بوو بەدڵ، خوا خوایان بو کە شێخ یا شێخ زادە، فەرمانێکیان پێ بدا، باوەکو شێخ عەبدولقادر ئەو دەمە لاوێکی **٢٣** ساڵانە بو، بەڵام خەڵك لە روی ئەقیدەی دینی یەوە، خۆشیان ئەویست ودەستورەکانی ئەویان ئەبرد بەرێوە، سپەهـ‌سالارو فەرماندە و پێشکاری لەشکر هەمزاغا بوو سەرکردەکانی تریش: محەمەداغای مامەش‌و مامەنداغای پیران‌و سواراغای پیران‌و سواراغای سەرۆکی هۆزی زودی‌و عەو للاخان‌و برایم‌خانی زەرزابون.

## سەردارانی کورد

هەندێ لەئاغاکان لەو سەردەمەدائەچونە دیدەنی گوڵاویـاغا، تـێگەیبون رێگـادژوا روحەستەم‌و پرئازارە، کەوتنەوە، سەر هەوای ژیانی نوکەری‌و دورلە دەردی سەری، کورد ئەڵێ: **خویەک بگری بەشیری، بەری نادەی بەپیری،** فێری خزمەت کردن‌و نوکەری قەجەر ببون دەسیان پێ لە بەرما و خواردن هەڵ نەدە گیردراو وەك پیرێژنە کە، بە دەردی پارچون. باوەکو گوڵاویاغا نەخۆش بو، بوەکلکە نەوتینەو ئەیەویست ئاغاکان بەدژی هەمزاغایەك بخاو نامەیەکی لەم بابەتەوە بۆخانباباخان نویسی‌و بانگی کردبوە لای خۆی، بەڵام خانباباخان لەوە لامدانوسیبوی ناتوانم بێمەلات، درەنگ‌بوەو نامەیەکم لەشێخ زادەوە بۆهاتوە تاسۆزی نیوەرو هەرجۆر بوە خۆم بگەینمە شار.

لە بابەت یەك گرتنەوە، نوسیبوت بیریم لێکردەوە. هەر ئەو رۆژەش کاغەزی شێخ عوبەیدیلا بۆگوڵاویاغا چبو، دوای هەواڵ‌پرسی نـوسرابـو تـۆ (گوڵاویـاغا) ریش‌سـپی‌و قسەزانی دیبوکریانی، تۆم خۆش ئەوی. لەم هەلەدا هاتنی تۆ بۆ دیتنی من زۆر گرینگە تـا

Dr.Saleh Ebrahimi



لەبابەت کار وباری کوردو مسوڵمانانەوە بۆلابردنی گیروگرفت قسمە بکەین گولاویاغا هەر ئەونەی زانیوە، ئەبێ نوکەرو دەسندە خۆری قەجەر بێ هەتا مردوە، پاروی بەخوێنی هاو خوێنی خۆی تەرکردوەو رەگی خۆناسین و سەربەخۆیی تێدا مردوەو هەستی بە سوکایەتی نەکردوە. ئەڵێن سوک دەردی سوک ناکێشی، مردو ئەندامی نایێشێ.

لەم ماوەشدا خانباباخان چوە شار، کردیانە حاکمی شارو دەسێ لیباسی تورمەی خەلاتکراو ژمارەیەکی تریش لە ئاغاکان چونە زیارەتی شێخزادەو لە هەندێ تریش، دا واکرا تابینەشار، خەڵکی شار تەشریف هێنانی شێخ زادەیان بۆ شار بەنیعمەتێ گەورەی خودایی ئەزانی و لایان وابو، مایەی سەربەرزی و بوژانەوەی کوردو ئیسلامە، خەڵک بەماڵ وگیان یارمەتی پیاوەکان و لەشکری شێخیان ئەداو لایان وابو، ئەمە لە سەریان پێویستەکە بەگیان و بەماڵ هاریکاری شێخ وسپاکەی بدەن و کلیلی شاریان دابوە دەس شێخ زادە. بەهەموگیان و دڵو دەرونیانەوە، کەوتبونە دوای شێخ بەلام قادراغای دۆستی هەمزاغا، نەهاتبوە باڵ لەشکری هەمزاغا، ئەیان ویستبەرەو سەقزو هەوشار برۆن، بەلام خەڵکی کوردنشین کە لەنێزیک مەراغا لەچەن ئاوایەکدا خەریکی ژیان و کاری جوتوگاو مەرو ماڵاتداری بون، نامەیان بۆ شێخ زادە نوسی: ئەگەر نەگەنە فریامان، عەجەمی دەور وبەرمان خەریکن لەناومان ببەن. شێخزادە ناچار فەرمانیداکە سوارەکان بەرەو (مەرحەمەت ئاوا) برۆن.

# خاڵی حەزرەتی شیخ عەبدولقادر

میرەبەگی بەردەسوری خاڵی شێخ عەبدولقادر بە دوسەت کەسەوە، لە پێشەوە گەیشتنە مەرحەمەت ئاوا. سەلیم خان چواردوڵی و حەمە حوسینخان بەختیاری و سوارەی موقەدەم و عەلیخان حاکمی مەراغا بە سوارەکانی خۆیان کە لەمیاندواو دابون، لەم هەواڵە ئاگادار ئەبن ئەچن رێگایان پێ دەگرن و سەلیمخان و حەمە حوسێن لە حەشارگەوە تەقە لە پیاوەکانی شێخ ئەکەن چەن کەس و خاڵی شێخزادە شەهید ئەکەن و سەری ئەبرن، بەلام تێ دەگەن کە ناتوانن خۆ لە بەر لەشکری بەهێزو خاوەن ئەقیدەو بەبرواو خاوەن ئیمان، رابگرن، لەترسان بۆیی تێدە قوچێنن و لەو دەمەشدا چەن تۆپێک کە لەمیاندواودابو، ئەکەوێتە دەس شیخ زادە، ئەرۆن لە رێگا، شێخ زادە چاوی بە جەنازەی خاڵی ئەکەوێ کەوا شپرزەیان کردوە، دەستور ئەدا لە هەرکوێ پیاوی قەجەریان گیر کەوت بەسەریا نەجن، جەلیل ئاغا برای باباخان نایبی تەویلەی

Dr.Saleh Ebrahimi



سەرکاری، کە ئەزانیٚ پیاوی قاجارە ستەمکارە کان، دەسیان داوەتە چە ك بۆ کوشتنی شێخ زادەو پیاوە کانی، لەو سەری میاندواوەوە، خۆی پێدا ئەدا، زرمو کوت دایان ئەپلۆسیٚ و دیتەناو پیاوە کانی شێخ زادەو لە ۲۷ی شەوال سیٚ سەعات لەشەوی هەینو رابوردبو، کە شێخزادە شاری میاندواوی گرتەدەس، بەڵام حەمەداغای مامەش کە چبو بەسوارەی خۆی، رایگای تەوریز بگریٚو بی پاریزیٚ، بەدڵسوزی کاریبۆ شێخزادە نەکردبو. دیارە سوارەی مەنگور، مامەشو پیران ئەرکی خۆیان بەجیٚ هێنابو، بەڵام بەداخەوە هەندیٚ لە یارانی ئازاو بە برواو مسوڵمانی شێخزادە شەهیدکران، لەشکر لەوێوە روی کردە مەراغاو لەسەر ریٚگا گوندی مەڵکەندیشیان تەسلیم کرد. میناغای کوری قادراغاو عەزیزێ فەتاحیش کاری خۆیان ئەکرد.

بەڵام بەداخەوە هەندیٚ نامەرد، وەکو (رەزاقولی میرزا) کوری (قاسم میرزا) بۆ بەدنیو کردنی کورد جلکی کوردییان، لەبەر خۆکردبوو خەریکی چەتەیی و تاڵان و برۆ بون، وگوندەکانی میرزاعەبدوللاٚ سەر ریشتەدارییان، تاڵانکردو ئاگریان دا. دوای دو رۆژ هەواڵ بەشێخزادە دراکە ئیقباڵ دەوڵە بەچەن فەوج سەربازو چەن ئەرابە توپ خۆی گەیاندۆتە، سندوسو ئەیەویٚ هێرشیٚ بێنیٚ، ناچار غەوسی سانی شێخ عەبدولقادر بەرەو سابلاغ گەرایەوە.

## قەڵای لاجان

غەوسی سانی حەمەداغای مامەشی بەرەو سندوس نارد، تابزانیٚ ئەوە راستە؟! هەروەها فەرمانی بە حەمەداغای مامەش دابو (قەڵای لاجان) برۆخێنیٚ بانەکەوێتە دەس قاجاری ستەم کار. بە لام حەمەداغای مامەشیش چونکا فرچکی بەنانی حەرام گرتبو، دڵی لای ستەم کاری قەجەر بو.[1]

---

۱ - نوکتە: لە سالی ۱۳۳۹ی خوری خواڵیخوشبو مەلا کەریم مستەفاپور (شاریکەندی) کە لە ماسۆی مەلابو، هاتە مەهاباد میوانی منبو، ئەبو بچم بۆ فێرگەی (مزگەوتی سور) دەرس بەفەقیان بڵیم لەگەڵ مەلاکەریم رەحمەتیلە ماڵ دەرکەوتین فەرموی، توبچو دەرسەکەت بڵێوە، منیش هەندیٚکاری ناو شارم هەیە، لە نێزیک سەعاتی دوانزەدا منیش دێمە مزگەوت، جا پێکەوە ئەروێنەوە، لە سەعاتی ناوبراودا، جەنابی مەلاکەریم تەشریفیان پەیابو چوینە حەوشەی مزگەوتو لە بەر، بەرۆ چکەی دیواری لای رۆژئاوای مزگەوتەکە، راوەستاین پێکەوە قسەمان ئەکرد، لە پرهەواڵیان هێنا، تیمسار هات، مامۆستا حاجی مەلاحوسین مەجدی رەحمەتیو مەلا عەبدوللاٚی مودەریسی و مەلاٚ صاڵح پەپسۆیو مەلا صادق و حاجی مەلا خالیدوە حیدی و مەلا شیخ عیزە دین حوسەینیو مەلاکانی تر هاتنە حەوشە بەروەپیر، تیمسار، خواڵیخوشبو حاجی صاڵح شاتریو عەلی ئاغای قەرەنیاغا کە لەو سەردەمەدا نوێتەری مەجلیسی

Dr.Saleh Ebrahimi



هەواڵی هاتنی ئیقبال دەوڵە بەدرۆ دەرچو، واوە، نەهات، بەڵام ئەم هەواڵە درۆینە بووە هۆی ئەوە، کە هێزەکەی شێخ بۆ چون بەرەو (بناو) تاڵوکەو لەزنەکا، سەرئەنجام فـەوج لە تەورێزەوە هاتە سەریان،محەمەداغاش چەن رۆژێک لەو ناوەدا گێچکە گێچکی بوو چاوی بڕیبوە ئەوە، تا بەڵکو لە ورمێوە، لەشکر بێت و نۆکەری خۆی سەبارەت بەوان دەربڕێ، دوای چاوەروانێکی زۆرکە دیتی، ئەربابەکەی خەمی[1] نەهات، ناچار دوبارە گەرایەوە بۆ ناو ئوردوی شێخ.

لەو ماوەدا هەندێ لە قەرەچو قەجەرو نوکەرە خوێریەکانیان بۆ شەیتانی و شۆفاری چبونە، وەتە میش گوندی گولاویا غای گەورە، نوکەری قەجەرەکان خەڵکیش لایان وابو حوکومەتی ستەم کاری قەجەر نە قانون و رەسمو نە یاسایەی هەیەو نە تەحقیق و لێکۆڵینەوە لەکار دایە، وە نە دادگەری و عەداڵەت هەیە.

تەنیا بگرە و بکوژە و روتاندنەوەو تالان کردن و ستەمو پێ شێل کردنی مافی مروف یا روتاندنەوەی کزوکەساسان و بەردەس کردنی مسوڵمانان، ئەزانێ و بەس، ئەوەبو لەترس ماڵ و

---

شورابو، لەگەڵ چەن کەسی تر لەگەڵ تیمسار وەرەهرامدابون، هەر لە حەوشەی مزگەوتی سور، دەسیان کرد بە قسە، لەو دەمەدا وەرەهرام روی کردە، عەلی ئاغا پێ وت عەلی یاغا! گوندەکانی تۆشارەدین، فێرگەو مەدرەسەیان لێ چابکە و ئێمەش یارمەتیت ئەدەین و موعەلیم و مامۆستات بۆ ئەنێرین تا بە منالی ئەو دییانە بخوێنن، باخوێندەواربن دنیا بە خوێندەواری سەر ئەکەوێ، خۆ هەر لە ناوچاوانی کورو کچی شاری نەنوسراوە، باسەوادبن، بەڵکو لە نێو کورە گوندنشینەکاندا، مێشکی هەڵکەوتە هەبێ، ئەگەر بخوێنن ئەبنەپیاو و نابیغەیان لێ هەڵ بکەوێ؟ عەلی یاغا زۆر بە بێشەرمانە لە حوزوری ئەو هەموە مەلا چاکانە شەرمی نەکرد، بەدەنگێ، زۆر ناخۆش و ناپەسەند وتی: تیمسار تیمسار! ئەگەر کورە رەعیەت بخوێنێ سبەینێ نە جوابی من ئەداتەوەو نە وەڵامی تۆ!

ئەمە هەر ئەو قسەیە کە ئەنەوشیرەوانی ستەمکار ئیجازەی نەدا کورە رەعیەتەکە بخوێنێ با وەکو ئەیویست کۆمەکی زۆر بەشەڕی ئەنەوشیرەوان بکا. ئەم عەلی یاغایە لە تۆمی ئەنەو شیروان و ئەو حەمەداغاو قەرەنی یاغای مامە شەیەکە ئێستا دەرکراوەو لە نیشتمانی خۆی بێ بەشە، چونکا خوا تۆڵەی ئەو رەعیەتە ستەم لێکراوانەی لێ ئەکاتەوە. بەراستی مەلا مارفی کۆکەیی رەحمەتی کە کۆرو کۆمەڵ ناس بو، چاک ئەو ئاغا خوێریە خوێن مژانەی ناسیبو، کە لە بابەت قەرەنی یاغای مامەشەوە فەرمویەتی (نەفسی خەبیسی ئین قەرەنی یاغای مامەش ئەست) بەڵێ چون ئەم قەرەنی و مەرەنی یەش خوی پیسیان، بە شیری گرتوە دیارە بەپیری بۆیان تەرک ناکرێ نوکەری کردن بۆستەمکارو بێگانە خوی باب و باپیرانیانە. سرنج راکیشە کاتێ ئەم قسەم بوجەنابی دوکتور شیرازی گێرایەوە، وتی لە زەمانی پێشەوا قازی محەمەد دا رۆژێک مەلای دربکە، بە کەریماغای وت: هەواڵی خۆشم بۆت هەیە، مزگینم بدەیێ تاپێت بڵێم، ئەویش وتی: ئەوا مانگاییێ زاوم پێی دای وتی: چلونی بە خێو کەم، ئەرابەیێ وینجەیشی لەگەل خست، مەلای دربکە، وتی: موعەلیم و فێرکارت بودە نێرنە قون قەلاکەی کەریماغای کەریمی وتی: نەیەڵی ئەوکارە سەربگرێ ئەنا بەلینە کەم نابەمە سەر.

۱ - ئەم رستە دیاردی یە بە شیعری حەکیم مەولەوی کورد کە فەرمویەتی:

هەرکـاتێت زانـی چـەم دا وەهـەم دا		بـاڵەخانەی چـەم دا وەروی چـەم دا
خاست فەرماوان ئەربـابە کـەی خـەم		ساکن جـە گـۆشەی بـاڵەخانەی چـەم.

Dr.Saleh Ebrahimi



گیانیان لەدەس زەبرو زەنگی قەجەر بە تەنگ هاتبون‌و نەیان دەزانی چپکەن و چلۆن لەدەس زولّم و زۆرویژی حوکومەتی قەجەر، خویان رزگار بکەن!

ئەوە بو هەندیّ لە پیاوەکانی هەمزاغاو شیّخزادە و هەندیّ کەسی بیّ سەرەو بەرە، وەک شیّت دەسیان ئەکرد بە تالاّن‌و برۆو خەریکی شرە خواردن بون. قادراغاش بۆ ئەوەی هەردولای گرتبیّ، کورِی خوّی بە هەشت‌سەت سوارە و تفەنگ بەشان‌ەوە ناردبوە کۆمەگی شیّخزادەو هەمزاغاو خوّی لە دور لە تەمالّ دابو، تا بزانیّ چ دەقەومیّ. چون گوندەکەی خوّیشی بە دەسەوە نەمابو، ناچار بە سەت نوکەرو سوار، چوە گوندی (جامەرد).[١]

ئەبیّ بزانین گولاّویاغا ریش سپی‌دیبوکریانەو بە روالّەت توّ بەکارو صوفیلکەیەو دژی کارو کردەوەی هەمزاغایەو ئەو بەشیّت وکوّیر ئەزانی و بە هەمزە پالەوان ناوی ئەبا لە شیّخ عوبەیدیلاش تورِەیە، کە کورِی خوّی بە مروّفیّکی شەرِانی وەک هەمزاغا سپاردوە. تەنانەت قسەی هەلّیت و پلّیتیشی ئەنا پارسەنگیان. مەلا عەوللاّ ناویکیش کە لە گوندی گولاّویاغادا مەلا بوو مەلا چاکیش بو، لە سەر قسەی گولاویاغابو کە دەسندە خوّری بو. بەلاّم برایماغاو ئاغارِەش برازای خوّی لە گەلّ یەکیّک لە براکانی‌و چەن سوارەوتفەنگ بەشانی ناردوبوە خزمەت شیّخ زادە ولەم لاشەوە گولاویاغا کاغەزیشی بوّ محەمەداغای مامەش نوسیبو، کە خەلّک بە دژی شیّخ یەک بخاو فەقیّ مستەفا ناویکیشی بوّ ئاگاداری ناردبوە لای سەلیم‌خانی چاردوّلی، بەم برِوایە کە لەم ریّگایەوە، هەمزاغا بکوژیّ و پاشە کشەش بە شیّخزادە بکا، بەلاّم گولاّویاغا مروّفیّکی تەمەلّ وسست‌بو، زوّر بەی دەم و کات خەریکی نویّژ کردن‌بو، لەوانە نەبو بتوانیّ کاریّ وابکا، چونکا کاری‌واگرینگ پیّویستی بە کاردانی، شارەزایی‌و زانست‌و تەگبیری گەورە هەیە.

چەندیّ بەر لەوە شیّخ عوبەیدیلا داوای کیژی سەرداری رەحمەتی کردبو، کەبوّ شیّخ عەبدولقادری کورِی خوّی مارەی ببرِیّ.

شیّخ زادە فەرمانی دابو، کە نامەبوّ ئاغاکان بنوسن کە هەرچی زوترە بیّن بوّ یارمەتی دان، نامەیەک لە لایەن خانباباخان لە ریّگای ئاغا رەش‌ەوە بوّ (حەسەن بەگ کولیجەو خەلیل

---

١ ـ نوکتە: جامەرد گوندیّکە لە گوندەکانی بەهی بەشی (بوّکان)ی شاری مەهاباد و کەوتوّتە ٢٢ کیلومیتری خوّرهەلاّتی بوّکان و ١٩ کیلوّمیتری خوّرهەلاّتی جادە ئیسفالّتەی بوّکان بوّ میاندواو کوّیستانەو موعتەدیل‌و ٨٩٤ کەس حەشیمەتی هەیەو کورد و سونین، ئاو لەزەرینە ئە خونەوە، بەر هەم دانەویّلە، چوندەر، توتن، کار: کشت و کالّ، مەرو ملاّتداری، کاردەستی جولاّیی، تەون، جاجم کردن ریّگاو بان: کوّیرە ریّگایە.

Dr.Saleh Ebrahimi



بەگ‌و محەمەد سلیم‌بەگ) هاتبو، کە هەرچی زوترە بێنە ناو لەشکری شێخ زادە بۆ یارمەتی‌دان‌و ئەو نامەی گەیاندو خۆیشی هەرچی سوارەو تفەنگ لەشانی هەبو، ناردیە ناوسپای شێخ زادە، «**میللەتی مسوڵمانی کورد، زاتەن ئازاو نەبەزو بەغیرەت‌و دیندارو خاوەن ئایین‌و خودان ئەقیدەو ئیماندارو نیشتمان ویست‌و بەبرواو بڕان» زۆریش بڕوایان بە شێخ‌و پیری تەریقەت و ئاغاکانی خۆیان هەیەو فەرمانی شێخیان وەک فەرمانی خواو پێغەمبەر** (د - خ) ئەزانن‌و بەگیان‌و دڵ فەرمانیان ئەبەن بەرێوە.

هەمزاغاکە ئەو هەموە زوڵم و زۆر وێژی و راوەروت‌و ریشوە وەرگرتن‌و ملهوری‌و بێ رەحمی قەجەریەکانی دیبو، ئەی ویست بە هەر شێوەیەک، کەبۆی بوز بخواتوڵەیان لێ بستێنێتەوەو ئەو ریشوەتانەی وا خواردبویان لەگەرویان دەر بهێنێتەوەو لیان بکاتە ژەقنەموت[1] شێخ‌زادە کە زیاتر لە دەهەزار کەسی لەگەڵدا بو ئازو خەیانلێ برابوو بەر لەوە لەسابلاغەوە بەرەو (بناو) بڕۆن قاتی‌و قڕی روی تێکردن، خەڵکێ، زۆریش لە سابلاغی‌و عولەماو زانایانی ئایینی‌و قازی‌و مریدێ زۆر لەگەڵ شێخ‌زادە کەوتن‌و رویان کردە (بناو)و خەڵک ئەنباری گەنم‌و چاڵەگەنم‌و ئازوخەی خۆی ئەدانی‌و گیاو جۆو وینجەو شتیواشیان بۆ ئەسپەکانیان ئەهێناو لەم‌لاو لەولاش گیریان دەهێناو لە هەرلا خواردەمەنی‌و شتیان بەرەو پیر دێنان.

**شازادە نادر میرزا دەنوسێ:** لەو سەردەمەدا سواراغای برازای هەمزاغا سەرۆک هۆزی (زودی) لەگەڵ (حەسەناغا)ی گوندی قونقەلاً، چونە (وەتەمیش)و لە لایەن شێخ‌زادەو هەمزاغاوە را سپیردرابون، بچنە (جامەرد) هەر جۆر بوە قادراغا بنێرنە ئوردوی شێخ زادە، نەهار (فراین یان لە وەتەمیش لای گوڵاویاغا خواردو دوای وتووێژ لە بابەت ئەوە کە ئەبێ هەمو یەکە بگرن‌و پشت بدەن بەپشت یەکەوە، تا ئەوانیش وەکو میللەتانی خودا پیدا و بتوانن لە سەر نیشتمانی خۆیان‌و با و با پیرانیان بە بێ زولم‌و زۆر وێژی زۆر وێژان و داگیرکار و نامۆیان بژین و سەر بەخۆ بن. بەڵام گوڵاویاغا گۆچی بەشیری نۆکەری گرتبو، خوی شیری بە پیری بۆ تەرکنە ئەکرا. سواراغاو حەسەناغا، ناچار لەوە تەمیشەوە بەرەو (جامە رد) کە وتنە رێ، بەڵام قادراغا چبوە، هەوشارو لە وێشەوە چبوە گەروس بۆلای حەسەنعەلیخان، ناچار گەرانەوە، بۆلا شێخ زادە و لەگەڵ ئوردوی شێخ زادە بەرەو (بناو) بزوتن.

---

۱ - لە ئەصلا ذُقِ الموتَ عەرەبی‌یە، بو تە کوردی.

Dr.Saleh Ebrahimi



**وەسمان ئاغا:** وەسمان ئاغای گەورک، کە لە سەر دەشت لە خاکی خۆی نەبزو تبو، نیوە لەشکری خۆی هەڵگرت و چوە ناو ئوردوی شێخزادە.

نو سەری ئەم راپەرینە قوریانسە شەلەی ئەمەنی، ئەنوسێ: ئێمە لەو دەمەی‌دا لەوە تەمیشەوە چوینە شار، کە چۆڵ بو، چەن رۆژ لەوێ ماینەوە، رۆژێ چاوم بە عەولاّخان و برایم‌خان سەرۆک هۆزی (زەرزا) کە وت‌کە تائەو دەمە لە گەڵ شێخزادە بون، برایمخانم لە شارا دی، زۆری لا سەیر بو کەمنی لەو سەردە مەدا لە شاردی دلخوشیم داوە، تا لە گەڵ قەجەر ئاشتی بێتەوە بە لاّم لەوە لاعەد اوتی: کەسێ کە دەسی لە گیانی بەردابێ، هەرچی لەدەسی بێ ئەی کا، ئەو هەموە زوڵم و ستەمەی وا (موعین الدولە) حاکمی ورمێ ڤلە (کورە کەی) حاکمی شنوم دیوە چلونی لەدڵ دەرکەم، تومنت‌لە تەورێز، دی کە دوای لابردنی موعین دەولە، چەنم هاوارو دادکرد کە هەمو ئەیان زانی حەق بەمنە، دادیان نەپرسیم، ئەوکچانەی وا بە زۆرەملێ لە خزم‌و کەس و کاری منیان ئەستاند بو نەم‌توانی وەریان بگرمەوە. ئەو هەموشتەی منیان بە هەشسەت تمەن بڕ یەوەو ئەویشیان نەدامێ.

دڵم لە داغان کەبابە، ئەبێ تۆڵەی خۆم لە ستەمکارانی قەجەر، وەر بگرمەوە. تەنانەت لەو سەردەمەی‌وا شاری شنۆ بە دەس شێخەوە بو، من بە دزیەوە، خۆم گەیاندە تەورێز، کە بەڵکو لەدادم بپرسن‌و لەوە زیاتر ستەمم لێ نە کەن، گوێ‌یان بە قسەم نەدا، تەنانەت بە دزیەوە، هەواڵی هێزو دەسەلاّتی شێخم پێ ڕاگەیاندن.

بە قسە کانم پێ ئە کەنین، ئەیان وت: شێخ کێیە! و چ ئەتوانێ بکا، کاتێ وتم: شێخ مریدو مەنسوبێ زۆری هەیەو لە کاتی پێویستا بیست هەزار کەس ئەتوانێ چەک بەدەس ئامادە بکا، لایان، وانبو، بە کورتی دڵم پڕ خۆینە، ئەبێ جەنگ بکەم هەرچی ببێ بابێ.

هەروەها نوسەری ئەم روداوە ئەنوسێ: روژێ یە کێ لە حاجیە کانم دی لەدەس زوڵم‌و زۆر وێژی‌و ریشوە خۆری قەجەرە کان دڵی پڕ بو لە خۆین، خۆین لە دڵی کەلاوەی ئە کرد. زۆر شتی گوت بۆ نوسین نابێ. لە دەس میرزاتەقی و شازادەی قاجار ناڵەی ئەچوە عاسمان.

## ئوردوی شێخزادە

لە چاردەی مانگی (زیقەعیدە) ئوردوی شێخزادە لە میاندواوە، بەرەو مەڵگەندی رۆیی‌و زیاتر لە هەزار تفەنگ بەشانی لە گەڵ بو. نان‌و خواردەمەنی‌و ئازوخە لە سابلاّغەوە، بۆ

Dr.Saleh Ebrahimi



شێخزادە ئەچوو بۆ بە گزاردکانیش لە گوندە کانی خۆیانەوە، شتیان بۆ ئەچو. شێخ زادە کەدیتی لەشکر زۆر وئازوخە کەمە فەرمانیدا هەرچی ئازوخە لە گوندکاندا هەیەو ماوە کۆی بکەنەوەو بیبەنە سابلاغ بە هۆی (کوری فەیزوللابەگ) کە نایبالحکومەی سابلاغ بو، بە حاجی سەی سالەی مریدی شێخی بسپێرن، بەم جۆرە نێزیکەی حەوسەت بارگەنمو دانەو ێلە، لە شار ئەنبار و ئازوخە کرا.

لەو سەردەمەی وا شێخ زادە لە مەلکەندی بو، گولاّ ویاغا دانیشتن بە تەنیالە ماڵێدا بە باش نازانیو بۆ ئاژاوە نانەوە، بە دژی راپەرینی شێخ، دەس ئەکا بە یەك خستنی دیبوکریە کانو لە گەڵیاندا ئەکەوێتە تەگبیرو مەشورەت کردن. خانباباخان ئەخاتە بەرەوە بۆ ئەوەی هەمو پێکەوە بچنە لای شێخ زادەو بیانوی پێ بگرن و بڵێن: ئەوەی ئێوە لەگەڵ خەڵکی ئەکەن هەڵەو ناشەرعییە. کاتێ هەمو ئەچنە چادر: (دەوار)ی شێخزادە و ئەکەونە گلەیی و بناشت گولاّویاغا ئەبینێ کە خان باباخان حەق بە شێخ زادە ئەداو لایەنی گولاّویاغا، تاوانبار ئەکاو لەو بەڵینەی وا بە گولاّویاغایدا بوکە بە دژی شێخو شێخزادە قسەبکا، پەشیمانەو زۆر بە دڵو داو لە ئاکاری شێخ زادە دیفاع ئەکا. شێخ زادە لە رێگای یەکێك لە ئاغایانی موخلیسەوە پەی بە ناپاکی و ئاژاوە نانەوی دیبوکریان ئەبا، کە بۆیێ وا یەکیان گرتوە، بە گولاّویاغا ئەڵێ: من قانونی دین لە تۆ باشتر ئەزانم، تۆلێمان مەچو سەر میمبەرو میحراب. گولاّویاغا، بە سەگی وزیرەکی خۆی ئەکاتە تۆراو، بە درۆ بە رەو ماڵی خۆی، ئەگەرێتەوە، بەلاّم دوای رۆژ ئاوا بون، رێگای خۆی خوار ئەکاتەوە وژن و منالّ بەجێ دێلێ و بۆ بەجێ هێنانی نوکەری، ئەچتە بناو لای قەجەرە کان کە لەو دەمەیدا، بە دژی شێخزادە سەنگریان گرتبو، گولاّویاغاکە وەك نۆکەر، خوی بە بەرماو خواردنی قەجەرە کان گرتبو، ئەوخوە پیسەی پێ تەرك نەئەکرا، ئەوە بو، بۆ بەرماو خواردن گەرایەوە، سەر ئاخورە کەی جارانیوچوە پاشخانەی قاجارە کانو وەك جاران ملی لە نۆکەری نا.

بەلام چونی گولاویاغا بۆلای ئوردوی قەجەرە کان، بێمەترسی نەبو، لەوانە بولە لایەن شێخ زادە و پیاوە کانی هەمزاغاوە توشی کەندو کوسپی سەخت ببیو ژن و منالّو دارایەکەی توشی ئاژاوە بکرێن. گولاّویاغا لای قەجەرە کان خۆی شیرین کردو دەسی کرد بە ئاژاوە نانەوەو دەڵەچەگەری، بەقەجەرییە کانی بەڵین دا کە دیبوکوریە کان لەگەڵ من سوێند خورن کە لەگەڵ قەجەردابن، قەجەرە کانیشی فێر کرد لەو رێگایانەی پێویست بو، سەنگەر ساز بدەن کە

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەوان ئەوجۆرە شتانەیان نەدەزانی، گولاْویاغا زۆرشتی بە قەجەر فێرکرد کە نەیان دەزانـی، چونی گولاْویاغا بوە هۆی زۆرشت بۆ قەجەر. لەم ناوەشدا یەکێ لە مەنگورەکان لەگـەڵ یەکێک لە پیاوەکانی فەیزوللاْ بەگ لە سەر شرە خواردنەی کەنە شەرکە ئاوری ئەمە، بوە هۆی ئەوەکورانی هەمزاغا لەلایەکەوە لەگەڵ مەنگوران و لەم لاشەوەکورانی فەیزللاْ بەگ بە پیاوەکانیانەوە، ڕوبەڕوی یەک دەسیان دایەچەک، بەلاْم شیخ زادە ئاشتی کردنەوە.

## ئەم هەوالاْنە

ئەم هەوالاْنە، ئەونەیتر بوەهۆی ئەوەکەگولاْویاغا باشتر بتوانێ خزمەتی خۆی بە قەجەرەکان نیشان بداو ئەونەیتر دەسی کرد بەگێرە شێواندن.

شێخزادە لەم بێ نەزمییەدا هەواڵی پێ ئەگا شەست مەنگورکە پەنجاو پێنج کەس لەوانە پیادەو پێنج کەسیشیان سوارە بون چبونە گوندەکانی لای مەراغا بۆشرە خواردن، لەگەڕانەوە دائەکەونە داوی لەشکرو سوارەی قەجەر و ئەکوژرێن و لەوانە چوارکەسیان بە پەلە پروزە خۆ رزگار ئەکەن، شێخ زادە فەرمانی بزوتنەوە بەرەو (بناو) ئەداو ئەچن لە (کە رێزە بازارکەلە (نیوفرسەخی) بناودایە دەوارو بارەگا هەڵ ئەدەن ولە سەرتە پۆلکەکانی دەوری بناو دەسەلاْت بەسەر بناودا پەیا ئەکەن و ئالاْ ئەدەنە دەس سەیکە ماڵ.

شێخ زادە بە سوارە ی خۆیو هەمزاغا وسوارەی مەنگور وزەرزاو زودیو پیران و عەزیز فەتاح و مینای قادراغاکە هەمو بەتێکرا زیاتر لە چارسەت پێنسەت سوارە و سێسەت پیادە ئەبون فەرمانیدا لە تەپەکان برژێنە خوارێ و خۆ بخزیننە پشت دیواری باغەکانی بناو، لەگەڵ قەجەری ریشوە خۆروستەمکارو دژو دوژمنی ئیسلام و مسوڵمانان ئاوقەی یەک بون، چەن جار بەفەرمانی شێخ زادە (قەرەپشی)یەکان دەس بە خنجێر ئەچونە سەر تـەپەکـانی قەجەری دژ بە ئیسلام تا بیانگرن [1] محەمەد حوسێن خان سەرۆکی بەختیاریەکان کە لەگەڵ قەجەردابوە بەرگری لەهێرشی قەرەپشی یەکان کردوەو ئەم، ئاوقە بونە دەشەوو رۆژی کێشاوە، پیاوەکانی شێخزادە بەتفەنگی مارتینو قاجاری ستەمکارو دژی مسوڵمانانیش بە توپ، لەو دەمانەدا شێخزادە بە دوربین ئەروانێتە تۆپی قەجەر تەماشا ئەکائەوە گولاْویاغا لە سەر تۆپەکەیەو بەدەس ئیشارە بۆچادرەکەی شێخزادە ئەکاوزۆر بۆ توپچی یەکەی قەجەر دێنێ کە

١ - (قەرەپشی) زاراوەیەکە لەجەنگی ئاخری روسو وەسمانی بە پیادەی جەنگی کوردوتراوە .

Dr.Saleh Ebrahimi



تۆپی تێ هەڵ بکاو لە پڕ کوللەی ئەو تۆ پەلە نیوەڕاستی چادر ودەوارەکەی شێخزادە ئەدرێ، دوای دەرۆژ جەنگ شێخزادە کە ئەو خەیانە تەلە گولاّویاغا ئەبینێ ناچار بەرەو کەرێزە و مەڵکەندی ئەگەڕێنەوە. باوەکو لە مەراغەدا ئەونەی بناولە شکرو کە رەستەی جەنگی نەبوە، چون شێخ زادە هەواڵی ئەمەی نەبوە، بەرەو مەراغە نەچوە، باوەکو گرتنی مەراغە زۆرئاسان بوە. وادیارە شێخ زادە لە خەیانەتی گولاّویا غاو ئەوان ئەندێشەی کردوە، نەوەکو لە نێوان (بناو) و مەرا غادا گیربخۆن هەر بۆیی، بەرەو مەراغە نەچوە؟! گۆیا لەم جەنگی (بناوە)دا تا سێسەت کەسێ لە پیاوەکانی شێخ زادە شەهید ئەکرێن. دیارە گرتنی (بناو)و راونانی قاجار بەپانزدە هەزار پیاوی چەکداری شێخ زادە وهەمزاغا وەکو فولەدۆکردن وابوە، ئەگەر خەیانەتی گولاّویاغاو دیپوکوریان نەبوایێ. چونکا بناو زیاتر لەسێ فەوجو چەن دەستە سواری تیانەبو. لەم لاشەوە کاکە للاّغا برای هەمزاغاکە فڕو فێڵی دیبوکرویان ئەبینێ بەبۆنەی ئەوە، بچێ لە سنور بەری هێرشی تورکانی وەسمانی بگرێ کە نتوانن هوروژم بێنن بۆ ئەوناوە ناوە، بەسوارەی مەنگورانەوە کە پیاوی خۆی بون ئەڕوا، بەلاّم کاتێ لە ناو سنور تەماشا ئەکا لەبەر تورکی وەسمانی ناتوانێ بڕواتە بەرەوە، ناچار ئەگەڕێتەبۆ ناو گوندەکانی خۆی. لەم لاشەوە شێخ زادە دوڕۆژ لە (مەڵکەندی) ئەمێنێتەوەو لەوێوە ئەچێتە چلیكو شێخ زادەو هەمزاغا، فەرمان ئەدەن سوارەکانی قەرەپەپاغو سوارەکانی مامەشو سەروکەکانیان بڕۆن بۆ یارمەتی شێخی گەورە، کە هاتبوە سەر ورمێو نامەشیان بۆشێخی پێبو، بەلاّم محەمەداغای مامەشو قەرەپەپاخەکان لەباتی ئەوە بچنە خزمەت شێخی گەورە چونەوە سەرماڵو موڵکی خۆیان. سەلیمخان کە گوندەکانی لە سەر سنوری موکریبو، لەبەرا گوندەکانی خۆی خاڵی و چوڵ کردبوو چییوە جێگای سەختو مەحکەمو خۆی لە کەمیندابوو بەسوارەی خۆیەوە لەبن کەورگو لەناو ئەشکەوت خۆی شاردبوەوە. شێخ زادە لە گەرانەوە بۆسەر بناو لەودەمەیوا لەچلیكبو، فەرمانیدا پێنسەت سوار لە کورەکورەکان لە بناو یەك بخەن، بەلاّم لەبەر بێ سەرەوبەرەبونی ئەوانە شێخ زادە لە گەڵ سەروکەکانی زەرزاو مەنگور وزودی و پیران، لێئە بڕێ بەرەو (سابلاّغ) مەهاباد بگەڕێتەوە تالە شێخی گەورە دەستور وەربگرێ لەو سەردەمەدا ئاغاکانی موکری لە شێخ زادە مەرە خەسی وەرئەگرن کە هەندێ هێزی ترساز بکەنوئەوسا بگەڕێنەوە لای شێخزادە لەو سەر دەمەدا خانباباخان کە لەلایەن شێخزادەوە - کرابوە حاکمو فەرمانداری مەهاباد (سابلاّغ) دوای دوڕۆژ لە گوندی خۆیەوە ئەچێتە لای قەجەرەکان، چونکا

Dr.Saleh Ebrahimi



بیری بەرماو خوادنی کردبو، ئاغا کانی تریش چاوە روان بون، کە لە دەرفەتێکدا خۆ بگەیینە قەجەر، **خۆشەنە لە مەنە کەمترنیە،** چاویان لە خانباباخان کرد.

لە ٢٧ زیقەعیدە (قونسور)ی ئینگلیس لە ورمیێوە چوە سابلاغ بۆلای شێخزادەو نامەو راسپاردەی شێخی گەورەی بەودا و شێخزادەش فەرمانیدا هەمزاغاو عەزیز فەتاحو میناغاو قادراغای بە سەتوپەنجا سوارەوە، لە گەڵی بچنو بەرییّ بکەنو لەخاکی موکری پەراندیانەوە، تا تەپەڕەش لە گەڵی چون،[١] قونسوری ئینگلیس ئەچێتە بناو، ئاغا کانیش یەک دو رۆژ لەو ناوە ئەبن وسەرئەنجام ئەچنەوە شاری. قونسور لە بناو قەجەرو پیاوە کانی دنە ئەداو هەواڵی هێزی شیخزادەشیان بو ئەگێرێتەوە.[٢]

حەسەنعەلیخان وەزیری فەواید بە فەوجی گەروسەوە لە گەڵ قادراغاکە رای کردبوە گەروس لەپێش وەزیرەوە بون. بەرەو مەزاغا دەرۆن خەڵکی مەراغاکە رقیان لە قادراغابو، رێگای شاریان پێ نەدا لە میناغای کوری دردۆنگبون، قادراغا مەجبوربو شەو لەگوندێ لای مەراغا خۆ لە تەماڵ بدا. حەسەنعەلیخان چوە مەراغاو زۆریان قەدر وریز بۆدانا، بۆ رۆژی دوایی قادراغای هەڵگرتو چونە بناو، لەشکری قەجەر لە رۆژی یەکەمی زیحەجە بەرەو چلیک بۆی کشا، بەڵام هەرچی گولاّویاغائەکۆشیّتا بە دوی شێخزادەدا برۆن ناوێریّو گولاّویاغا تکا ئەکا هەزار سوار لە گەڵ ئەو بخا تا خویّ بروا بەدوی شێخ زادە و هەمراغادا بەخەیال بیانکوژێ. لەچلیک دوکەس لە خزمەکانی گولاّویاغا بە ناوی (سمایلاغا و بایزاغا) دینە لای ئیعتیمادسەلتەنە، دنەیئەدەن تا بەدوی شێخزادە بکەون.

لەو سەردەمەدا پێنسەت سواری شاسەوەن بە سەرۆکی فەرزی خانو نەجەفقولیخان یورتچی لە تەورێزەوە سەرراست ئەچنە خاکی موکری قزلجەو چەن گوند لەگوندەکانی ئەو ناوە ناوە تالاّن ئەکەنو ژن و مناڵوگەورەو چکۆڵە و پیرو پاتاڵ هەمو ئەکوژن و ئەگەرینەوە.[٢]

---

١ - لە نێزیک میاندواوە، کەوتۆتە چارفرسەخی بناو.

- تەپەڕەش گوندێکە لە گوندەکانی شارویّران بەشی حەومەی مەهاباد کەوتۆتە ٣١ کیلومیتری خۆرهەلاّتی مەهاباد لە ٥ر٥ ک باشوری جادە ئیسفاڵتەی مەهاباد بۆمیاندواوە، جەلگەیە، موعتەدیلەو ١٩٨ کەس حەشیمەتی هەیەو کوردوسونین ئاولە سیمینەرودوکانی ئەخۆنەوەو بەرهەم دانە ویلەو توتنو چۆندەرە، کار، کشتوکاڵو مەرومالاّت داری، کاردەسی: جاجمو بەرماڵ، گۆرەوی و دەسکێشو پوزەوان ورەشکەو کەژو، یاگورەویە.

رێگاکۆیرە رێگایە: (چلیک) لە دیهستانی مەرحەمەتئاوایە ولە سەر میاندواوەو ٢٥ک لە میاندواو ٢٠ک لە رێگای ئیسفاڵتەی میاندواو بۆ مەهاباد دورە و تورکن.

٢ - قزلجە گوندێکە لە شارویّران بەش حەومەی مەهابادو لە ١٣ک باشوری خۆر هەلاّتی مەهابادو ١٤ک

Dr.Saleh Ebrahimi



شێخزادە دوای چە ن رۆژ مانەوە لە سابلاغ بە خۆی  و هەمزاغا و زەرزا بەرەو کۆنە لاجان ئە کشێن، بەڵام هەندێ لە مەنگورە کان لەشار ئەمێننەوەو چەن دوکانی کوردی هەژار و بێ دەسەڵات خراب ئە کەنو شتە کانیان بەتاڵان ئەبەن کە ئەبێتە هۆی نارازیبونی خەڵک، لەم لاشەوە سوارەی قەجەر دێنە دیهاتی مەجید خان نێزیکی میاندواو، هەندێکش ئەچنە گوندی (تیکان تەپە)ی بە گزادان. نوسەری ئەم هەواڵانە [١] ئەنوسێ: لەو سەردەمەدا سەرداری گەورە فەوتی کرد، ناچار لەدێهاتی مەجید خانەوە هاتینەشار وێران کە زیاتر لە پەنجا پارچە ئاوایی بون، پڕپیت و خاوەن بە رهەم و گوندی گەورە گەورە، هەمو چۆڵ کرابون، کاتێ لەو سەر دەمەی دا چوینە گوندی (لە جێ) و (قونقەلاّ) کە حەبسەنعەلخان بە رەسمی نایبالحوکومە بو چوە سابلاغ، خانبابا خان کوری مەجیدخان لە گەڵی چو. لێرەدا حاجی سەی بایەزیدو قازیو شێخ الاسلام کە بە ترس و لەرزەوە دینە ئۆردو پشتیوانی دەر ئەبرن و حاجی سەی بایەزید لە کاتی ئاخافتن دائەڵێ: من ئەو رۆژە کە تفەنگی مارتینم لەشانی هۆزەوا ریدادی وتم: رۆژە رەشیمانەو چەنجار بە قەجەریانم هەواڵدا، وەلامێکم نەبیست جارێک لە تەورێزەوە پیاوهات بەڵام لەبەر ریشوە وەرگرتن: نەپەرژایە چەک وەرگرتنەوە، لە مەلبەندی موکری، گوندی لەجێ بە بیست پارچە ئاوای ترەوە. چ دیهاتی مەجیدخانو چ دیهاتی تر بە دەس (رەعیەتی روسە): بەدەس ئەرمەنییەوەیە، ئەبو لە دەس درێژی قەجەر بپارێزرێن، کوردیش خۆی لەقەرەی نەدابو. بەڵام بەداخەوە لەشکری گەروس لە (لەجێ)دا دەسیان کرد بە تاڵانو برۆ، لەو دەمەدا چارپارچە ئاوایی ئاوەدان بوو خەڵکەکەی چۆڵیان نە کردبو، قەرە قشلاخ کە قەجەر لەونێزیکە ئۆردوی دانابو، ئیندر قاش کە حەوسەت ماڵو موڵکی قادراغابو، دارە لە ک کەزۆر بەی خەڵکە کەی ئەرمەنی بو، قون قەلا هەمو ئەمانە، کەوتبونە، مە ترسی تاڵانو برۆ. [٢]

---

خۆرهەڵاتی جادە ئیسفاڵتەی مەهاباد بۆ سەر دەشتە، کوێستانو موعتەدیلەو ٤٤٣ کەس حەشیمەتی هەیەو کورد و سونین.

ئاو لە کانی ئەخۆنەوە، بەرهەم دانە وێڵە، توتن، کار، کشت و کاڵ و مەرو ماڵات داری، کاردەسی جاجم، ڕێگا: کوێرە ڕێگایە.

١ ـ نادر میرزای قاجار

٢ ـ قونقەلاّ: لە دێهستانی شار ویرانی بەشی حەومەی مەهابادەو لە ١٢ک خۆرهەڵاتی مەهاباد و ٢ کیلومیتری خۆرهە لاتی جادە ئیسفاڵتەی مەهاباد بۆ ورمێ یە، جەلگەو موعتەدیلەو ٩٩٩ کەس حەشیمەتی هەیە و کوردو سونین، لە چەمی مەهاباد ئاو ئەخۆنەوە، بەرهەم دانە وێڵە، توتن، چوندەر، کار: کشت وکاڵ و مەرو ماڵداری،

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیعتیماد سەلتەنەی قاجاری ستەمکارو تاغوتو زاڵم لە چلیکەوە هاتە (قەرە قشلاخ) موڵکی گولاّویاغا، دەوارو بارەگای هەڵدا، تالاّنچیان دەس ئەکەن بە تالاّن و بروَی ئـەو ناوەناوە، لێقەوماوە. چ گوندی ئاغا سەر بەقەجەرەکانوچ دێهاتیشار وێران، ئەونەی تر بەدەس قاجارەوە وێرانتر ئەبن.

کاتێ شێخ زادە ڕوئەکاتە شاری شنوّ قەرەپەپاخەکان دێنەلای ئیعتمادسەڵتەنەی قاجار داوای یارمەتی ئەکەن، ئەویش حەوسەت سواری شاسەوەنیان لەگەڵ ئەخاکە ئاوقەی شێخ زادەبن، ئەروّن، دوای ئەوە ژمارە یەک لە قەرەپەپاخەکان ئەکوژرێن، هەر ناگەرێنەوەو بوّ شڕەخواردن خوّ ئەکەن بەشاری شنوّدا، شنوّ تالاّن ئەکەن و خەڵکی بێ دیفاع ئەکوژن و ماڵەکان ئاگر ئەدەن و وێرانی ئەکەن.

**نادر میرزا** شازادە نادرمیرزا لە کتێبی (مێژو وجوغرافیای دارالسلطنەی تەورێز)داکە مەئموری یەتی هەبوە بچێتە ناوچەی موکریان و مەسەلەی ڕاپەرینی حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا شەمزینی، بوناصرەدین شای قاجار بنوسێو لە نیزیکەوە ئەو روداوە گرینگەی بوّ ئامادە بکا ئەنوسێ:

چەن روّژێک بو لە گوندی دارە لەک بوین، بوّروّژی دوەم لەگەڵ تاجرباشی روس چوینە ئوردو لەولای چوّمی جەغەتو، کە فرسەخ و نیوّیک دور بو، دەوارێکی زوّر هەڵدرا بوو تەژی بون لە شڕەخوّرو لە سەرەتاوە چاومان بە (حاجی صـەدرە دەولە) کـەوت کـە حوکومەتی سابلاّغ (مەهاباد) بەو بوو چوینە ژوّرێو دوای خوّشو بێش کردنو بڕێ گەنجەفە کردن، لە بابەت ئیعتماد سەڵتەنەوە، هەڵەو زوڵـمو زوّر کـردنی ئـەو قسەمـان کـردو کـارە ناشیاوەکانی قاجارەکانمان بە درێژیبوّ گیرایەوە، تا بەڵکو ئەم وەکو ئیعتیمادسەڵتەنە هەڵەو زوڵم و ستەم لە خەڵک نەکا.[1]

---

کاردەسی: جاجم، کارگەی خشت پەزی، رێگا خاکی، ماشێن رەو، فێرگەو مەلاوفەقێشی هەیە.

١ - دارەلەک گوندێکە لە دێهستانی شاروێران بەشی حەومەی شاری مەهاباد کەوتوّتە ٥و١٦ کیلومترو نیوی خوّر هەلاّتی مەهابادو ٣ک خوّرهەلاّتی جادە ئیسفاڵتەی مەهاباد بوّورمێ جەلگەو موعتەدیلە ..و ٩٩٩ کەس حەشیمەتی هەیەو سونیو کوردن. لە چوّمی مەهابادوکانیو چەشمەئاو دەخوّنەوە. بەرهەم: دانەوێلەو توتنو کاڵەکو شوتیو گەنمو جویە،کار: جوتو گاو کشتو کاڵو مەرومالاّتداری یە کاردەستی: جاجم بەڕە، پلاّس، هوّڕو جەواڵو ڕەشکەو کەژوچنینە: رێگا ماشینرەو، خاکی، فێرگەی تازەو مەلاو فەقێیشی هەیە. سەدو بەربەندی دارە لەک ولەجێ لە ساڵی ١٠٨٩ی کوّچی مانگی لەلایەن بداق سوڵتانەوە ساز دراوەو هێمان ئاسەواری ماوە، بەلاّم پردی سور، روخاوەو سەدی لعباتی دامەزراوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



نادر میرزا دەنوسی: بە صەدرالدولەم وت: من لایەنگری قەجەرم‌و لام وایە ئەبێ کوردەکان تەمێ بکرێن بەڵام وابە شێتانە نابێ، ئەبو، ئیعتیماد سەڵتەنە ئوردوی خۆی رێک‌و پێک بکردایەو هیچ کەس بێ دەستوری ئەو لە خۆوە بەر نەبێتە ماڵ‌و ژیانی کوردی هەژارو لێقەوماو، کە بەم جۆرە لەترسی قەجەری تالاّن کەرو کورد کوژ، کوردی بێ دەرەتان بداتە، چیا، و ماڵ‌و ژیانی خۆی بە چوڵی بەجێ بێڵی‌و خۆی سەڵتە قەمچی رێگای چوڵ بگرێتە بەرو ئاوارەی هەندەران بێ. ئەبو، ئاغاکان **فریوبدا تا لەسەر ماڵ‌و حاڵی خۆیان دانیشن**، جابانگیان بکاتە ناو لەشکری خۆی ودڵ خۆشیان بداتەوەو ئەوسا، **دەسە دەسە ئامادەی شەڕیان** بکاو بیاندا بە گژ هەمراغاو شێخ زادەو میناغاو عەزیزی فەتاح‌و ئاغاگەورەکان، جا بیان‌گرن‌و بیان‌کوژن‌ولە پاشان بەسپاوە بیان نێریتە سەر هۆزی مەنگورو زودی‌و پیران‌و زەرزا تالە ناویان ببەن‌و **لەسەر ساجی عەلیان‌دابنێن‌و دێهاتی** شێخیش کە **لەخاکی ئێراندایە، لێی داگیر بکەن**، جابکەنە سەر ئاغاکان‌و بەگزادەکان کە هەرچی لەشەر الە دێهاتی مەراغادا دەسیان کەوتوە بە زۆر لیان بستێننەوە، جا بەم جۆرە کاروباری قەجەر سەری ئەگرت‌و سەریش دەکەوت. جا ئاغاکانی بانگ دەکردە تەورێز یا سابلاّغ لە دادگوستەری‌داکۆی دەکردنەوەو بە جەزای گوناحی خۆیانی دەگەیاند، موڵکی لێ دەسەندن، یاشار بەدەری دەکردن‌و بەوانەش‌کە بە حوکومەت خزمەتیان کردبو، چاکەی لەگەڵدا ئەکردن‌و بەم جۆرە هەم خۆی رادە گرت‌و هەم زەحمەتی حوکومەتی کەم ئەکردەوەو ئەی خستە سەرشانی ئاغاکوردەکان.

بەلاّم ئیعتیماد سەڵتەنە ڕق لە دڵ بوو تەنیا لە بیری تۆڵە ئەستاندن دابو، وەک شێت لەقەی دەوەشتاندو پلاری بۆ خەڵک دەهاویشت و ئەی کوشت‌و ئەی بڕی و ئەی دڕی‌و هیچ لە بیر چاک کردنی باری وڵاتدا نەبو وهەلوکێنی بە خەڵکی کوردەواری ئەکردو بە خەیاڵ دەیویست، نێوی کورد لە سەر ڕوپەری رۆژگار بە زمان بسڕێتەوەو هەمو گوندەکان ئاگربدا، بەر لە ئیعتیماد سەڵتەنەش زۆر کەسی تریش‌گوی وایان خواردبو، بۆیان هێق نە دەکراوە.

لە ئاکامدا کاتێ زانایان و جوتێرودێ نشین و خەڵک دیتیان کە حوکومەت ئاوا ستەمکارانە و بێ بە زەیانە خەڵک تالاّن ئەکەن‌و گوندەکانیان ئاگر ئەدەن‌و بە پیرو مناڵ وژن‌و بێ دەسەلاّت‌و بادەسەلاّت بەزەیان، نایە، ناچار ئەوانیش بۆ دیفاع لە ماڵ‌و نیشتمان‌و ئاوو خاک‌و ناموسی خۆیان دەسیان دایە چەک‌و بەدژی زوڵم‌و زۆرو قین لە دلاّنی قاجار ڕاپەرین.

حاجی صەدرە دەوڵە، کە گۆی بۆ ئەم قسانە شل کردبو هەناسەیەکی هەڵ کێشا،و وتی: ئێستا من کراو مەتە، حاکمی **سابلاّغ**، بەلاّم **سابلاّغێکی چوڵ‌و هوڵ**، کە تەنیا دیوارەکانی ماوەو

Dr.Saleh Ebrahimi



چزیندەوەری‌لیٚ براوە، دوێنیکە، هەندێ چەتەوشڕە خوڕ بەناوی پیاوی حوکومەت کە دێهاتیان ئاگردابو، گڕی ئاگرەکەیان بە من نیشان ئەداو ئەیان وت: ئەمە چراخانی جیژنی حوکومەتی ئێوەیە.

بەلاّم من سەری خەجاڵەتیم داخستو بەو جۆرەی تۆ وتت، هەمو ئەو هەڵەو کارە هەرزانەم بۆ سپاسالار نوسیوە، باش وایە تۆیش هەرچی زوترە بچیتە تەوریزو بە زمان، هەرچی پیویستە پیێ رابگەیێنی، نادر میرزا ئەڵێ: ئیمەیش لە بەرا چوینەلای ئیعتیماد سەڵتەنەو لە جیگای خۆی نەبو، بەڵکو لەگەڵ وەزیر فەوائید، چبونە فراین خواردن، چوینە سەر فراین و دیتم ئیعتیماد سەڵتەنە، دانیشتوەو خەریکی بەزمەو وەك ئەمەمیش‌ـنەی گەزتوەو ئاگای لە مەحمودی بێ زەواد نەبو. **نەهارو فراینەکە، هیچ لە نەهاری ناپلیون نەدەچو، کە لە مەیدانی شەڕدابو**، باری نالە باری ولاّتی موکوریانمان لە نوکەوە، لە سیرەوە تا پیاز بۆگیرانەوە، کە **سەربازەکانت هەموگوندەکانیان ئاگرداوەو** هەرچی بوەو نەبوە بەتالاّن بردویانە، لەوە لاّمدا، وتی: بە تۆچی؟ لە ولاشەوە، وەزیر فەوائید وەلاّمی دایەوەو گوتی ئەم جۆرە ئاگردان و تالاّن‌و بڕۆیانە، لە جەنگی فەرانسەو پروس‌دا، روی داوە، باش نییە ئەم جۆرە گلەیی‌و بناشتانە بکرێ، ئیعتیماد دەوڵەگوتی: بە میرزا ئەبولقاسم دەستوری داوە، لە چۆمی مەجید خان ئاگای لە کوردەکان بێ، لەم جۆرە قسەو کردەوانە، جوان دەرکەوت کە هیچ یەکێ لە ئیعتیماد سەڵتەنەو وەزیر فەوائیدو صەدرە دەوڵە، نایانەوێ دڵی یەکتر بشکێنن، هەرچی بادا باد[١].

لە پاشان ئیعتیماد سەڵتەنە وتی: نامە وفەرمانێ بۆ سوڵتان بنوسە کە لە دارە لەك دایە، چون خەڵکی دارە لەك ئەرمەنین‌و ریابێ، ئازاریان نەدا. لەکاتی هاتنە دەرێ‌دا حوکمەکەی نەداوکاتێ روانیمان گڕی ئاگر لەگوندی (لەجێ) دەڕچوەو دەت گوت: ئاعاسمان ئاگردرابو، لەو دەمەدا، (لە جێ) لەبن فەرمانی (تاجر باشی)دا بو، کاتێ نیزیك بوینەوە دیتمان هەمو خانو بەرەی گوندی لەجێ‌و عەمارەتی ئاغا، سوتاوەو داری بە سەر بەر دییەوە، نەماوەو چاڵەگەنم‌و کەل‌و پەلی ماڵ هەمو بە تالاّن براوە، بۆیی گوندە کە ئاگر دراوە، **نادر میرزا ئەڵێ: نامە یەکم لەم بابەتەوە بۆ ئیعتیماد سەڵتەنە نوسی: ئەمە یەئاکامی نامەو فەرمانت کە دەمێک لەمەو بەردات. بەلاّم تا بن‌ریشت کاری نەکردوەو زوڵم و دزی زۆرتر پەرەی سەندوە.**

هەرچی و پەرچی لەناو ئوردوی ئیعتیماد سەڵتەنەدا:

---

١ - ئەمە قسەی شازادە قاجارەکانە جابزانە خەڵکی لیقە و ماوی کوردیان بەچ دە ردی بردوە (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



نادر میرزا دەنوسێ: ئێمەلای ئیعتیماد سەڵتەنە بوین‌لە ناکاو یەکێک لە خانەکانی قەرەپەپاخ خۆی کرد بە ژورێ داو هاواری کرد: ئەمە چییە؟ **خۆ ئێمە کورد نین‌و کافر نین‌بۆ سەربازو پیاوی حوکومەت تالانمان دەکا؟** سوارەی ئێمە لە شاری شنۆ لە راست دوژمندا وەستاوە، شەر ئەکاو چل کەسمان لێ کوژراوە، لەم لاشەوە تالانمان دەکەن، خەریکە ژن‌و مناڵەکانیشمان بە دیل بگرن‌و بە یەخسیری بیان بەن.

## میناغا

لەو سەردەمەدا میناغا بە دو هەزار جەنگیەوە لە (قەلای ئیندرقاش) دەسی کرد بە جەنگ. قادراغای باوکی میناغا کە دەسندە خۆری قەجەر بو لە دەهۆمی زی‌حەجەدا لە گەڵ محەمەد صادقخان ئاجودان باشی‌دا روی‌کردە ئیندرقاش تابەڵکو بە لایە زۆرو پەلاکەم خوایشت، دەس بە میناغا هەڵگرێ لە شەر، تادیەکەی لە قاروقینی قاجاری‌یەکان بپارێرزی، بەلام هیچی بۆ نەچوە سەر. تا سەرئەنجام کارێ وای کرد کە میناغا لە ئیندرقاش برِوا، تا گوندەکە نەدرێتە بەر تۆپی قاجار.

**خان باباخان کوری** مەجیدخان کە بەنامەی ئیعتیماد سەڵتەنە لە ئەمانا بو، لە کاتی گەرانەوە لەیەکێک لە گوندەکانی خۆی، کە خەریکی سوروسات وەرگرتن بو، بەدەسی یەکێک لە عەسکەری **یەکانی تاران کوژرا.**

نادر میرزا ئەنوسێ: ئێمەیش کە بیستمان ئوردوی تاران دوای مردنی شازادە هەمزە میرزا، کەو توتەبن فەرمانی (حاجی سەهام دەوڵە) ولە رێگای هەو شارەوە دێ‌و هەرچی وەبەری بێ ئاگری ئەداو تالانی ئەکاو دەسی بگاتە هەرکەس **سەری ئەبرێ‌و ئەی کوژێ کە لە سەرەتاوە زۆربەی گوندەکانی فەیزولابەگ-ی تالان کردو لەناوی برد،** فەیزوللا بەگ، بۆ ئەوەی زیاتر تالان نەکرێ‌و گوندەکانی لەوە زیاتر ئاگر نەدرێ، دو کوری خۆی بە گرێو ناردەلای و دەهەزار تمەنی ئەو دەمەیشی بۆ (حاجی سەهام دەوڵە) نارد تا لەوەزیاتر ماڵ وێرانی نەکا، بەلام **ئەوە قەبوڵ نەکراو هەمو دێهاتیان تالان کردو لەدوایشدا ئاگریان‌دا، خەڵکێ زۆریشیان** کوشت، تەنانەت لەکاتی بەرەنگاری کردندا ژمارەیەکی زۆریشیان لە پیاوەکانی فەیزولابەگ کوشت، (جامەرد)و پانزە گوندی مەجیدخانی تالان کردو هەموی ئاگردا و خەڵکی کوردی هەژارو بێ‌کەسیش ئاوارەبون‌و پەنایان ئەبردە لێرەوارو ئەشکەوت‌و

Dr.Saleh Ebrahimi



غارو ماڵو حاڵی خۆیان بەجێ دەهێشت. ئێمەش ناچار بەرەو بناو کەوتینەرێ، لە چـاردەی زیحەجەدا سپاسالاریش هاتە بناو، لە ماڵی (حاجی عەلی قاضی) دانیشت، خەڵک لە ستایشی حاجی عەلی قاضی ئەیانوت ئەگەر ئەو نەبوایێ، بناو لەکیس چبو [1].

## حاجی عەلی قاضی:

حاجی عەلی قاضی لەبابەت حاکمی سابلاغەوە وتی: کاتێ بە هەڵاتن خۆی گەیاندە بناو، قسەم لەگەڵ کردو هەڵەکانی قاجارم خستە بەرچاوی، خەتاکانی خستەپـای تـەورێزو پاکانەی بۆ خۆی کرد.

لەبابەت حوکومەتی تەورێزەوە گوتی: کاتێ کوردەکان لە چەلیک، دیێ ئیمامقولی میرزا بون، چەن نامەم بۆ ئەوو خاوەن پلەو پایەکانی تری و لات نوسی، مونشیباشی لە لایەن موجتەهیدەوە، لەکۆبەی نامەی ئیما مقولی میرزادا بۆی نوسیبوم و رای گەیاند بو مەگر قادارغا و محەمەد صادقخان ئاجودان لەوێ نین بۆچ وائەترسێ، لەوە لاما بۆم نوسینەوە، ئەمانە دزو جەردەوریێ گرو چەتەنین، من پیرم بەلام کارکوشتەو بەئەزمونم، ئەزانم ئەمە ئەگاتە جێگایەکی باریک، مونشیباشی لەوەلامی مندا نوسیبوی: جەنابی موستەطاب حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا، بیری وای نییە، درەنگ لەشکریان نارد.

سەیف العلما وتی: کاتێ ئـوردوی شێخزادە لە میـاندواوەوە بـەرەو بنـاو بـزوت، محەمەداغای مامەش بە شێخزادەی وتبو، کە ئەبێ نامەیەك بۆ قاضی بنوسین تا بـەڵکو بـێ جەنگ بناو بگرین.

پیاوێکیان بەناوی سمایل ئاغای قەرەپەپاغ ناردەلام، منیش بۆ وەخت رابواردن تـا بەڵکو لە تەورێزەوە کومەگ بێت تەفرەم ئەدا، تا لە لایەن **محەمەداغای مامەش، بە دزییەوە نامەیەکم بۆهات،** کە نوسیبوی لەکاتی جەنگدا، ئالای سەوز بەدەسەوە ئەگرین، ئـالای **ئێمە سەوزە،** جا ئەگەر سپای ئێمەو قەرەپەپاغ لەدوای سپای شێخ زادەوە بوین، ئاوا ئێمە لە دواوەو ئێوەش لە بەرەوە، شێخ زادە و هەمزاغا و سپاکەیان، لە ناو ئەگرین و لە ناویان ئەبەین، بەلام ئەگەر بمان خەنە بەرەوە چونکا بەدەسندە خۆرمان دەزانن، ئیتر ئێمە کارێکمان لەدەس

---

١ - ئەمە یەکیك لەو هەواڵانەیەکە ئێمەلە نیودو توێ کتیبدا لە زمانی نادر میرزاوە کە شازادە یەکی قاجارە گیرمان کەو تووەکە ئاوا بە ئاشکرا خۆی پیێ لە زوڵم و زوری قاجار دەنێ (شە پۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



نایێ، لەو دەمەشدا (حاجی صەدرە دەوڵەو ئاقاخان سەرتیب هاتنە بناو، پێکەوە، دوای تەگبیرو مەشوەرەت کردن، وەلاّ مێکی وامان بە راسپاردەی شێخ زادە نەدایەوە، ناچاربێ هیوا یانە گەرایەوە، بۆلای شێخزادەو هەمزاغا.[١]

## لەبابەت ئیعیتماد سەلتەنەوە لە بناودا

قازی بناو دەسی کرد بە ناونیتکە هەڵدانو بێ‌نە زمیەکانی ئیمتیماد سەڵتەنەو گوتی: ئەو زەلامە، نەی‌دەتوانی فەرماندەیی بکا، کەس، گوی بەکلاّوی نەدەپێوا، جا ئەوە بو، ئوردوەکەی دەسیان کرد بە دزی وتالاّنو ڕەشەدزی لە بناوداو ماڵە خەڵکیان بەقورگرت، هیچیان بەدەس کەسەوە نەهێشتوگوندنشینە هەژارەکانیان لەماڵوگیانی خۆیان جا رزووەرەز کردبو. گیان هاتبوەسەر لوتی‌خەڵک،لە کاتی جەنگدا **(شوکری بەگ)** لە بۆکانەوە بۆ منی: (قازی بناو) نوسیبو، قورخانە لە تەوریزەوە دێ، پێویستە چەن سوار لە ئیعیتماد سەڵتەنە وەربگرێ، بێ نێری ئاگایان لەو قورخانە بێ، نە کا، سوارەی کورد بیگرنو بیبەن (قازی عەلی بناو) دەڵێ: نامەکەم بە ئیعیتمادسەڵتەنە نیشان‌دا وتی: درۆیە، درۆیە، هیچ نەبێ‌بیست سوار لەگەڵ قورخانەدایە. ئەوسادەستوری‌دا (سورەی - ڕەحیم‌خانو محەمەد صادقخان ئاجودان‌باشی) چون قورخانە بێنن لە ڕێگا ی‌گوندی: (قەرا زیکر) موڵکی باباخان ئاغا، نایب تەویلەی سەرکاری بوو خەڵکەکەیشی ترک بون، گرتنیو هەموی تالان کردنو (حاجی عەلی عەسکەر نیویک کە پوڵ و دراو، یا سامانێکی هەبو، ئەی‌گرێو هەردو گونی‌لە دارو شەقشەقە ئەگرێو شکەنجەو ئازاری ئەداو هەستو نیستی لێ دەستێنێو لەپاشان هێنایانە لای منو دەسی کرد بە دادو فەریاد کردنو گوتی: **کوردی بلباس ئاوا** ستەمی نەکردوە کە ئەو شێعە لە شێعە زوڵم وستەم ئەکا، بەلاّم کەس نەی‌توانی بەدادی (حاجی عەلی عەسکەر) بگا، تالاّن‌براو ماڵ خوراو هیچیش بەمن نەبرا، دیهاتیان تالاّن ئەکرد، بە ئیعیتمادسەڵتەنەیان ئەوت، لەوەلاّما بە خەڵکی ئەوت: (بیلە بیل)وا بزانن (بلّباس) تالاّنی کردون.

---

١ - لەجێ گوندەیکە لە شارویران لای مەهابادەو کەوتۆتە ۵و ١٦ کیلومتر ونیوی باکوری خۆرهەلاتی مەهابادو ۵ کیلومیتری جادە ئیسفالتەی مەهاباد، بۆ ورمێ، جەلگەو موعتەدیلەو ٦١٠ کەس حەشیمەتی هەیەو کوردو سونین. لە چۆمی مەهابادوکانی ئاو دەخونەوە، بەرهەم: دانەو یلە، توتن و چوندەروگەنمو جۆ وصەیفی کاری‌یە. کار: کشت‌وکاڵو مەرو ماڵاتداری‌یە، کار دەستی: حاجم، جولاّیی، دەسکێش و پوزەوانو بەرەو شتیوایە، ڕێگا، ماشێنرەوەو مزگەت و مەلاو فەقێو فێرگەی تازەشی هەیە.

Dr.Saleh Ebrahimi



هەواڵ گەیی کەئوردوی شێخزادە گەرە کێکیان لە بناو گرت، لەترسان بو، بە هەڵات هەڵاتێ، لەوانە بوشار بدرێ بەدەسەوە، من (عەلی قازی بناو) خەڵکم وادار بە جەنگ‌و خۆرا گرتن کرد. بەڵام سەربازانی ئیعتیماد سەڵتەنە دەسیان کرد بو، بە هەرزەگی‌و ڕەشەدزی‌و خەڵکیان بە تەنگ هێنابوو لەوانە بو بە دژی حوکومەتی قاجار ڕاپەڕن.

## لەبابەت گولاّ و یاغاوە:

چەن جاروتراکە چونی گولاّویاغا بۆ لای قاجارەکان، بۆ حوکومەتی قەجەر کەڵکێ زۆر بو. نادر میرزا ئەنوسی: لە مانگی شاباندا محەمەدداغای مامەش ئەچێتە (ورمێ)و بە ئیقباڵ دەوڵە ئەڵێ: بەدڵ‌و گیان ئامادەی هاوکاری وخزمەت کردن بە تۆو حوکومەتم، کە بەدژی شێخی گەورە، ڕاپەڕم‌و ئەڵێ حوکومەتی شنۆو ئەو ناوە ناوەش بدە دەسم، چونکا نوکەرێکی دەربەسم‌و ئەتوانم چارسەت سواری مامەش بنێرمە ورمێ بۆ یارمەتی‌و پاشە کشەش بە (عەلیخان شکاك) بکەم کە بەدژی قەجەر وەستاوە.

چەن ڕۆژ دوای ئەوە محەمەدداغای مامەش لەناکاو ئەبینێ ئەوا حەزرەتی شێخ عوبەیدیلاو عەوڵلاخانی زەرزا هاتنە ورمێ‌و میوانی ئیقباڵ دەوڵەن‌و لەم میوانی‌یەدا مەڵبەندی شنۆو صۆماو برادۆست‌و دەشتە بێڵ‌و مەرگەوەر بەئیجارە کەوتەبن فەرمانی حەزرەتی شێخی گەورەو مەزن، محەمەدداغای مامەش، کاتێ ئەمەی دی، زۆر دڵ‌تەنگ‌وتوڕەو پرۆش‌بو، لەوانەبو بداتەکێوو ڕو بکاتە چوڵ و دەرو دەشت: جا، دەستوری‌دا سوارەکانی، خۆساز بکەن‌و گەرایەوە بۆ (لاجان) کە جێگای دانیشتنی هۆزی مامەش بو، ماوە یەك بەم جۆرە رابورد.

تاشێخی مەزن شێخ عەبدولقادری کوڕی خۆی‌و هەمزاغای نارده سابلاّغ (مەهاباد)و خۆیشی هاتە سەر ورمێ.

لە حەوتەمی مانگی زیقەعیدەی سالی ١٢٩٧ی مانگی، یەکێك لە خەڵیفەی حەزرەتی شێخ کە ناوی (محەمەد سەعید) بو، لە برادۆستەوە بە چارهەزار سوارەو تفەنگ لەشان، هاتە سەر ورمێ‌و لە قەلاّی سمایل، سێ فرسەخی شار دائەبەزێ‌و لەوێ سەنگەر ئەگرێ، ئیقباڵ دەوڵەی ستەمکاری قاجار لەگەڵ (خوسرەو خان‌و محەمەد ڕەزا ئاغای سەرتیپی قوڕخانە بەدو فەوج سەربازو دو ئەرابە تۆپ روی کردە قەلاّی (بەدربو)و دەسی کرد بە کەف چەندن، وەك لۆکی شێتی لێهاتبو، سوارەی کوردیش لە سەرەتاوە هاتنە گوندی (کولان) کە ئەرمەنی‌و دە

Dr.Saleh Ebrahimi



پارچە ئاوایی تورك نشینی تری بێ شەڕ وکێشە گرتە دەس، بەڵام هەندێ کەس لە خۆوە ئەترسان ورویان کردە شار. لەو دەمەی‌دا ئیقبال دەولە، هێرش ئەباتە سەر کوردەکانو ئەی کاتە شەڕ تا ئیوارە، درەنگانێو لە دوای، دەس هەڵگرتن لە شەڕ ئەیەوێ بگەڕێتەوە، تۆپەکانی ئیقبالْ دەوڵەلە چۆمەڵەیەکی قولاْگیر دەکەن، هەرچی ئەکۆشن بۆیان دەرنایێ، ئیقبالْ دەوڵە خۆ ئەکا بە قەلاْداو تۆپەکان بە محەمەد ڕەزاخان ئەسپێرێ. ئەمیش، عەلی سوڵتان‌ناوێك بە شەست کەسەوە لەلای تۆپەکە، دا ئەنێو خۆی ئەچێ بۆلای ئیقبالْ دەوڵە.

لەشکری کورمانج (کورد) کاتێ بەمە ئەزانن ئەرژێنە سەریانو ئەو شەست سەربازە بە عەلی سوڵتانەوە ئەگرنو تۆپەکانیش ئەبەن، لەو دەمەی‌داسەربازەکان هاوار ئەکەن: ئای ئەهلی قەلاْسمایل بمان گەنێ، تیا چوین! کەس بە دەنگیانەوە ناچێ، بەلاْم ئیقبالْ دەوڵە قەلاْ بەر ناداو هەرچی بەتیرو تۆپ‌لە (قەلاْی بەدر بو) ئەدەن، چوڵی ناکەن. هەرچەن‌جار لەگەڵ جارکوردەکان ئەچنە پێش.

شێخ عەلیخانی سەرتیب، کوڕمامی تەیمورپاشاخان فەوجی خۆی، کە پەردەیەك بون لە نێوان شارو ئوردودا. لە کارەسات ئاگادار ئەبنو بە شەش دەسە لە فەوجی خۆی، خۆ ئەگەینێتە دەورە دراوانی قەلاْو بە هاتنی ئەوان خەڵکی قەلاْ ئەبو ژیتەوەو گیان ئەگرێ و دەروازە ئەکاتەوەو هێرش ئەکاتە سەریانو ئەیان گرێتەوەو خۆ ئەکێشێتە ناو قەلاْ.

شێخی گەورە کاتێ هەواڵی ئەم جەنگەی پێ ئەگا لە دێهاتی مەرگەوەڕ، گوندەکانی خۆیەوە، لە چاردەهەمی زیقەعیدە بە سێ‌هەزار کەس سوارەوپیادە، لە عەشایەر و هۆزی هەرکیو زەرزاو دەشتە بێلْ دێتە سەر (ورمێ) لە لێوی (سیر) لە گوندی (سن سەرکیس کە لە جنوبەوە تا ورمێ نیو فرسەخ ڕێگایە، دەوار هەڵ ئەدا.

کێوی سیر کوێستانی میسیونێرەکانی ئەمریکائیە، کە لە داوێنەی کێوی سیر کۆشکێ بە قەلاْ درۆست ئەکەن.

محەمەد سەعیدلە تەشریف هێنانی حەزرەتی شێخ ئاگادار ئەبێ ولەقلاْی سمایل دێتە دەرێو ئەچێتە ئوردوی شێخی مەزن، هێزی جەنگ ئاوەری هەردوکیان دەگەیشتە حەوت‌هەزار، خەڵکی ورمێ ترسیان‌لێ نیشتبو، چەن ڕۆژ بو دوکان وبازاریان بەستبو- حەزرەتی شێخ بۆ مەشوەرت کردن بە خولەفاو ئاغایانێ کە لە خزمەتیا بون، کاغەزیکی بۆ (شێخ‌الاسلام) موجتەهیدی شار بەم واتایە نوسی: خۆتان ئاگاتان لە زوڵمو ستەمکاریو ریشوە خۆریو

Dr.Saleh Ebrahimi



مەردوم ئازاری قاجارەکان هەیە، ئێستا من تکاتان لێ دەکەم یارمەتیمان بدەن تا لەوە زیاتر ئەو خوێن مژە، مسوڵمان کوژانە، نەتوانن بە ملهوڕی بە سەر هەژاران و مسوڵمانانی بێ دەسەڵاتدا خۆ داسەپێنن، دیارە ئێمە بۆ یارمەتی مسوڵمانان و ستەم لێکراوان هاتوین و ئیسلام دژی ستەم کارو تاغوتە.

لەو سەردەمەدا (کولوزیل) خەلیفەی کاتۆلیکەکان کە لە ورمێ نیشتەجێبون، بۆ پاراستنی خۆیان و ئەرمەنییەکان، خواجە داود وەکیل و (شابەندەر قونسور)ی دەوڵەتی وەسمانی لەگەڵ (مسیو سولومان) واعیظ، ئەنێرێتە خزمەت شێخ تکای لێ بکەن تا ئەوان تەرخان بکرێن و لە هەڵاو هوریا دورەپەرێز بن و بێ وەی، شێخی مەزن دوای بەخێر هاتنیان، لەوەڵاما ئەفەرمێ: مەبەستی من بەرێوە بردنی حوکمی خواو قورئان و پێغەمبەری مەزنی ئیسلامە(د-خ) و نەمانی ستەمکارو زاڵمانەو دابین کردنی ژیانێکی ئازاد بۆ مسوڵمانی هەژارو ستەم لێکراوی ئەم ناوەوە لە ریشە دەر هێنانی داری زوڵم و زۆر ویژی و چەقاندنی داری ئازادی و شادییە، چونکا خوا لە قورئانا لە سورەی بەقەرە (١٨٥) فەرمویەتی: (يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ) دینی پاک و بێخەوشی ئیسلام هەروەکو ئینسان بە تایبەت مسوڵمانان بۆ رزگاری لەو دنیا رێنوێنی ئەکا، رێگای بەختەوەری و خێرو خۆشی لەژیان وژینی ئەم جیهانەش لە هەر بارو بابەتێکەوە نیشان ئەدا.

لەدوای ئەم قسانە، بەو پیاوانەیوا دەسەو نەزر لەخزمەت شێخی مەزندا راوەستا بون ئیشارە ئەکاو ئەفەرمێ: هەریەکا لەمانە سەردارو سەرۆک هۆزێکی گەورەن، لەدەس زوڵم و زۆر ویژی کار بەدەسانی تورکی وەسمانی وقەجەری ستەمکارو ریشوە خۆر، راپەریون و ئەیانەوێ تۆڵەی ئەو هەموە ستەمەی والیان کراوە لەو ستەمکارانەی وەسمانی و قەجەری بستێیننەوەو دیارە بۆ دیفاع لەدین و بۆ دیفاع لە ستەم لێکراوان راپەریون و بە حوکمی قورئان رەفتار ئەکەین و نامانەوێ مافی ستەم لێکراوان و خەڵکی هەژار بخەینە ژێر پێ و چاومان لە زوڵم و زۆرویژی و پێشێل کردنی خەڵک نییەو نایشمانەوێ [illegible] شتیان لێ داگیر بکەین و دیارە مافی برا ئەرمەنییەکان لە بەر چاو دەگرین ئەڵێن: لەو سەردەمانەدا وا ئەو دوکەسە لای حەزرەتی شێخ بون ئیقبال دەوڵەی قەجەر هەواڵی پێ ئەگاو رۆژی ١٨ی زیقەعیدە دێتەوە (ورمێ) فەوجەکان بە دەوری حەوشەی شاردا بەش بەش ئەکاو ئەو تۆپانەیوا لە شاردا بون ئەیانبەنە سەر بورجەکان و فەرمان ئەدا خەڵک خۆخر بکەنەوەو خۆ چەکدار بکەن و سەنگەر بگرن و سەنگەر ساز بدەن.

Dr.Saleh Ebrahimi



لە لایەکی تریشەوە بۆ فریوی شێخ بە هۆی حەکیم خاوەنی کاتولیک مونشی ئەو ئەنێریتە خزمەت شێخ تاسیّ رۆژی تریش موڵەتیان بداو لەگەڵ خەڵک تەگبیرو مەشوەرەت بۆ خۆ بەدەسەوەدان، شێخ بە پیاوەکانی کاتولیک ئەفەرمێ: من ئەزانم ئەیانەوێ ئەم دەساودەس بکەن بۆ دەم وکات وهەل لە دەس دانی ئێمە، تا بە خەیاڵ لە تەورێزەوە یارمەتیو لەشکریان بۆ بێ، وەکو ئەمە شێخ ئاگای لە هاتنی تەیمور پاشاخان بوە، کە بەرەو (ورمێ) بزوتبو. کەچی موڵەتیان ئەداو پیاوەکانی (ورمێ) ئەگەرینەوە، بو شارو قسەکانی شێخی مەزن بۆ ئیقبال دەوڵە ئەگێرنەوە.

شازادەنادر میرزا لە کتێبی (مێژو، جوغرافیای دارالسلطنەی تەورێز) کە مەئموریش بوە بچێتە موکوریانو هەواڵی راپەرینی شێخ عوبەیدیلا بۆ ناصرەدین شای قاجار بنوسێ ئەنوسێ: ئیقبالْ دەوڵەی قاجار خۆی گردو کۆکردەوەو خەریکی جەنگ بو.

لە رۆژی نوزدەهەمدا حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا، شێخ سەدیق، کوری گەورەی خۆی و محەمەد سەعید خەلیفەی خۆی بە پێنجهەزارکەسەوە ئەنێریتە لای دەروازەی عەسکەرخان کە لای خۆرئاوای شاری ورمێ یەوسێ رۆژبو، جەنگبو لەو کاتەدا قونسوری ئینگلیس کە لە تەوزێردا ئەنیشتو لە ورمێ میوان بوە، ئەچێتە خزمەت شێخو لەبابەت جەنگ وەستانو پاراستنی ئەرمەنییەکانی ورمێوە، قسەی لەگەڵ ئەکا، لەپاشان لەگەڵ (سیمون) پێشکاری شێخ دێتەوە، بەڵام ئەیەوێ بچێتەوە لای تا پیاوی لەگەڵ بخاو رەوانەی بکەن تا جێگایەکی ئەمین، شێخی مەزنیش چەن پیاوی دیکەی لەگەڵ دەخاو ئەی نێریتە مەهاباد و کاغەزیشی بۆ ئەنوسێ کە شێخ عەبدولقادر کوری شێخ لەوێوە بەرەو میاندواو یا تەورێز بەرێ بکا.

لەو سەردەمەداکەشاری ورمێ رێگاکانی لەسەر بەسرا بو، گرانیو قاتو قری زۆری بۆهێنا بوو پیاوی شێخیش لەشکریان هینایە ناو باغی دڵگوشای ئیقبال دەوڵەو (باغی نەزەر) کە لە دەرەوەی شاری ورمێ بو، ئیقبالْ دەوڵە، دەستوریدا باغەکەی خۆی (دڵگوشا) بدەنە بەر تۆپ، بەڵام نەی دەزانی دیواری باخی دڵگوشا ئەونە قایمە بە تۆپی ئیقبالْ دەوڵە، ناروشیو کوردەکان لەمدا زۆر زالْ بونو سەرکەوتن، بەوان بو.

فەرماندەی تۆپچی ئەمیرنیو یارمەتی دەری توپخانە، لەگەڵ چەن کەسێ تر لەپیاوانی قاجار کوژران. ئیقبالْ دەوڵە بە خەیالْ بۆکوشتنی کوردان فەرمانیدا لەشکر، چو دارو دیواری باغی دلگوشایان روخانو لەناویاون برد. ئەڵێن: کەری دێزە حەز لە تۆپینی خۆیو زیانی

Dr.Saleh Ebrahimi



**خاوەنی ئەکا.** ئیقبالٚ دەولّەی قاجار ئەم زیانەی لەباغی دلٚگوشادا، شێخی مەزنیش لەو دەمەدا بەلەشکرو پیاوەکانی‌یەوە، لەکێوی[1] سیر بون، هەر لەو سەردەمەدا، بە ئەندازەی پێنسەت بار قوّرخانە، بە فەرماندەیی (محەمەد بەگ‌یاورە) لەتەوریزەو هاتە شاری ورمیٚ، کەچی ئیقبالٚ دەولّە لەشاری ورمیٚدا **خەریکی ئازاردانی خەڵک و ریشوە وەرگرتن** بوە، لەناکاو هەوالٚ هات کە تەیمورپاشا بە شەش فەوج سەربازو دەهەزار سوارەو شەش ئەرابە توّپ، هاتوّتە شەش فرسەخی ورمیٚ.

تەیمور پاشاخان لەبەر ئەوەی ئیقبالٚ دەولّەی خوّش نەدەویست‌و دوژمنی لەنێوان تایفەی ئەم‌و ئیقبالٚ دەولّەدا هەبو، لەریٚگا سستی ئەکردو نەی دەویست زوبیٚتە ورمیٚ تابەڵکو، کوردەکان ئیقبالٚ دەولّە تەمیٚ بکەن‌و شاربگرن، بەلاّم سپەهسالار تەلگرافی بوّ تەیمور پاشاکردبو کە ئەبیٚ زو خوّ بگەیینیٚتە ورمیٚ، تەیمور پاشا ناچار بە قوّلە قوّل هاتە ورمیٚ.

شیٚخ کە ئەم هەوالّەی پیٚ گەیی پیٚنسەت کەسی بەفەرماندەیی شیٚخ صەدیقی کوری خوّی کە بریندارێش بو ناردە سەر ریٚگاو بە ئەندازەی سی‌بارو شتری قوّرخانەی لیٚ گرتن‌و بەمە تەیمور پاشا ترساو بیٚ ئەوەی بەدوای کوردەکاندابروا، لەشکرەکەی هیٚنایە لای باکوری شاری ورمیٚ‌و دەوارو دەزگایان هەڵدا

## حەزرەتی شیٚخ:

شیٚخ کە هاوالّی پیٚ گەیی لە گوندی عەسکەرئاوا سەنگەر بەندی کراوەو پیاوی ستەمکارانی قەجەری تیٚ خزاوە فەرمانی‌دا هەمویان چەک کردن‌و سەنگەرەکانیان پیٚ تیٚکدان‌و خوّیشی چوە قەلاّی سمایل.

تەیمور پاشاخان بە لەشکرەوە خوّی لە عەسکەرئاوا نیٚزیک کردەوە، بەلاّم خەڵکی ئەویٚ هەرشەیان لە تەیمور پاشاکرد، ئیتر ئەویش نەیویٚرا بروّاتە پیٚشترو تەیمورپاشا ناچار لە کەناری ورمیٚ لە داویٚنەی کیٚوی (چار)بارگە ئەخەن، شیٚخ کوت‌و پڕ هەلدەکوتیٚتە سەر لەشکری، تەیمور پاشا، واعیظی کاتولیک کە لەودەمەی‌دا لە گوندی (ئالّوجی) یەک فرسەخی ورمیٚ بوە، بە تەیمور پاشا هەوالٚ ئەدا، بەلاّم لە ناوەراستی جەنگدا ئەگاتیٚ، هەوالّی ئەو واعیظە کاتوّلیکە، کەڵکی نابیٚ‌و پیاوەکانی شیٚخ گورزی خوّیان ئەوەشیٚنن.

---

۱- ئیٚستا ئەو کیوە بە شیخ تەپە ناو دارە.

Dr.Saleh Ebrahimi



هەرچەن لە نێوان ئوردوی شێخو ئوردوی تەیمور پاشادا چل‌وپێنج دەقیقە ڕێگا بوە، تەیمورپاشا نەی‌وێراوە هێرشی بۆ بەرێ.

لە هەشتەمی زیحەجەدا شێخ لەنێزیکی ئوردوی تەیمور پاشاخان ئەگوێزێتەوەو لەوێوە بۆ برادۆستو لەوێشەوە بۆناوچیاو نەهری ئەگەرێتەوە سەرماڵو موڵکی خۆی.

**شازادە** نادر میرزا لەکتێبی (مێژو، وجوغرافیای دارالسطنەی تەوریز)دا کە مەئموری‌یەتی هەبوە، بچێتە ناوچەی موکریانو مەسەلەی ڕاپەرینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا شەمزینی، بۆ ناصرەدین شای قاجار بنوسێو لە نێزیکەوە ئەورو داوەگرینگەی بۆ ئامادە بکا ئەنوسێ:

ئوردوی تەیمور پاشاخان کە بڕوای بەهیچ دینو ئاینیک نەبو، شیعەو سونی و مسوڵمانو فەلەوگاورو بوت پەرەستو جولەکەو زەردشتو کوردو غەیرەکوردی نەدەناسی، ئەویش وەکو حاکمەکانی تری قاجار تەنیا، لەبیری ئەوەدا بو وەکو گورگی هار پڕ بداتە ماڵو ناموسی خەڵکی هەژارو لێقەوماو، بستێنێو گیرفانی خەڵک، داتەکێنێو خۆی پێ مڕبدا، لە روت کردنەوەی هیچ کەس نەدەپرینگایەوە، ژنانی خەڵکی شاری بە زۆر ڕادەکێشاو شەوانە لای خۆی ڕای دەگرتنو لەدواییدا ڕوتی ئەکردنەوەو ئەی ناردنەوە ماڵەباوانی. ئەگەر لەشار شتێکیان دەکڕی دراویان نەئەدا. ئەگەر ئەچونە چایخانەوکەبابخانە سەرەرای ئەوەی قیمەتەکەیان نەئەدا، تەشقەڵەشیان بە خاوەنەکانیان ئەکرد، هاواری خەلک ئەچوە ئاسمان وپەنایان ئەبردە بەر ئیقباڵ دەوڵەو شکاتیان ئەکرد، سەت رەحمەت بەکفن دزی یەکەم: (تەیمور پاشاخان) ئیقباڵ دەوڵە بەخەڵکی ئەوت: تەیمور پاشاخان دوای مردنی شوجاع دەوڵەی برام چاوە ڕوانی رۆژێکی ئاوابو، چونکا شوجاع دەوڵە رۆژێک لەلایەن دەوڵەتەوە هاتوە تائەوتەمێ بکا، ئێستانۆبە، کەوتۆتە دەس تەیمور پاشاخان کەتۆڵەی خۆی لە خەڵکی ورمێ وئێمە بستێنێتەوە، ئێستا ناتوانم بڵێم: لەل.

-کاتێ خەڵک لەماڵ وگیانی جارز ئەبێ و تەیمور پاشاخان هەست بەمە ئەکا، لەوانەیە بقەومێ وخەڵک لەداخان ڕاپەری، بەناوی هێرش بۆ سەر شێخ خۆ ئەکێشێتە تەرگەوەر وئەو یش تالاّن ئەکا.

کوردەکان وسونیەکانی ئەیالەتی ورمێ، چ ئەوانەی لەشاربون وچ گوندنشینەکان لەترسی لەشکروشڕە خۆری قاجارەکان، ماڵ ولانی خۆیان بەجێ هێشتبوو رویان کردبوە شاخ

Dr.Saleh Ebrahimi



وداخ و ئاوارەی ناوچیاو سنوری تورکی وەسمانی ببون و تونی وبرسی و سەرلێشیواو، تالان کراو لەم لاشەوە شڕە خورانێ قاجار وەکو گورگی برسی هەرچیان گیر دەکەوت ڕەپێچەکیان ئەدا و تالانیان ئەکردن و شرەیان بەدەس کوردی نەهێشتبو، تازە دوای تالان کردنی مالان خانوەکانیان ئاگر ئەدا بۆشوێنەگومکێ کردنی رەشەدزیەکانیان. لەوکاتەدا شێخ هیدایەت ناوێک بەشەست کوردەوە هاتە شاری ورمێ وچوە لای (شێخ‌الاسلامی) شیعە. برایمخان و عەبدوللاخان زەرزاکە لەگەڵ شێخ عوبەیدیلابون ماڵ و منالی خۆیان هەلگرتبو لە سنوری ئێران و تورکی وەسمانی دانیشتبون.لە دەولەتی تورکی وەسمانیشەوە، دەستور بە فەرمانداری رەواندز ئەدرێ کە لەروێشتنی شێخ عوبەیدیلاو مریدەکانی بۆ کوردستان و خاکی وەسمانی بەرگری بکەن.

نیعمەت ئاغای خەڵکی کوردستانی تورکیای وەسمانی لەشێخ جیا ئەبێتەوەو ئەیەوێ بڕواتەوە سەرماڵ و موڵکی خۆی و ناوچیا، بەلام ژاندارمەی تورکی وەسمانی ئەیگرن و هەر لە سنور سەری ئەبڕن و ماڵ و دراو یا ئەو شتانەی کە پێ بوە، بەتالان ئەیبەن.

## خانەدانی شەمزینان:

خاندانی شەمزینی یا شەمزینان یەکێک لەبنەماڵەگەورەکانی دینی کوردستانەکە لەچار قورنەی کوردستان و مەڵبەندە سونی نشینەکانی تورکیاو ئێران و عێراق و سوریەو حیجاز مریدو مەنسوبیان هەبوەو هەیەو حەزرەتی شێخ عوبەیدلا غازی بە دوانزە پشت ئەچێتەوە سەر (شێخ عەبدولقادری گەیلانی: غەوثی گەیلانی) - غەوثی گەیلانیش بەچاردە پشت ئەچێتەوە سەر (حەزرەتی ئیمام حەسەن) خاندانی نەهری (شەمزینی) سالەهایە لە کوردستان نیشەجێن و موڵک و ماڵیان لەناو چیاو نەهری وشەمزینان و مەرگەوە روتەگەورەو ئەوناوە ناوەدا هەیەو خەریکی خزمەت کردن بە شەریعەت و تەریقەتن و خەڵک فێر ئەکەن، خەڵک بۆ خوو ئەخلاق و ئاکاری چاک و خودا پەسەندانە بار دەهێنن: یەکێک لەگەورەپیاوانی ئەم خانەدانە حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری غازی یە، کوڕی حەزرەتی سەید تاهای گەورەیەو بە شێخ عوبەیدیلای کورد شاهی شەمزین مەلیک ناو دارە کە لە رۆژگاری ناصرە دین شای قاجار رابەری شەریعەت و تەریقەتی کوردەکانی بە دەس بوەو لەدەس زوڵم و زۆروێژی ستەمکارانی رێژیمی ناصرەدین‌شای تاغوت وسوڵتانی تورکی وەسمانی زۆرویژ، بۆ کورت کردنەوەی دەسی

Dr.Saleh Ebrahimi



حاکمانی زاڵم‌و باجگیرو تالا ن بەرانی ئەو دو شا ستەمکارە، تاغوت ئیشانە دەسی داوەتە راپەرینێکی گشتی لەسەرا نسەری کوردستاندا، دوای دەساڵ خەبات‌و تێکوشان سەرئەنجام بەفرۆفێلی روسیەی تەزاری‌و بەریتانیای فێڵباز، ئەوراپەرینە ئیسلامی‌یە رەسەنە لە ناوبراو پیاوەکانیشی بلاوکرا.

ن.آ خەڵفەین: (نەفتو لائەدونە فیچ) رۆژهەلاتناسی روس لە[١] کتێبی خویدا بەناوی خەبات لەرێی کوردستاندا، کە جەلال تەقی کردویە بە کوردی دەنوسێ[٢] لە کانون یەکەم (دسامبیر) بەفران- دی ساڵی ١٨٧٢ زاینی حاجی یوسف‌خان حاکمی ورمێ سوارە ئەکاتە سەرکوردستان بۆ ماڵیات، کوردەکانیش ئەڵێن: ئێمە ماڵیاتی خۆمان ئەدەین بە شێخ عوبەیدیلا، بەلام حاجی یوسف‌خان دەستور ئەداگوندەکان تالان بکەن‌و ئاگریان بدەن، ئەم کارە ناشیاو ونائینسانانەی حوکومەتی ورمێ وقاجار ئەبێتە هۆی کوشت‌و برین و شێخ ناچار بۆ بەرگری گرتن لە زولم وزۆر وێژی رادەپەرێ‌و ئەم راپەرینەش دەساڵ بەردەوام‌بوە تا ئەوە هێزی شێخ بە فرۆفێلی سوڵتان عەبدولحەمید تورکی وەسمانی‌و ناصرەدین‌شای قاجارو داونانەوەی روسیەی تەزاری‌و بەریتانیا حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا بانگ ئەکرێتە ئەستەمبوڵ بەناوی وتوویژ وچارەسەر کردنی مەسەلەی کوردو کوردستان بەلام لەباتی هەموشتێک لەلایەن سوڵتان (عبدالحمیدی) خوا نەناسەوە، ئەی گرن و ئەی نێرنە مەکەو لەوێ دەس بەسەری ئەکەن، حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا شەمزینی لەساڵی ١٨٢٠ زاینی لە دایک بوەو لەشاری مەکە بارگەی بەرەلای خوا تیکناوە وهەر لەمەکەش نێژراوە.

یادگار کۆواری یادگار[٣] لە بابەت‌پیاوانی دەورەی قاجاری ستەمکارەوە ئەنوسێ. حەزرەتی شیخ عوبەیدیلای کوری حەزرەتی سەید تاهای شەمزینی کە لە سالی ١٢٩٧ کوچی مانگیدا بە دژی ستەم کاران وتاغوت وتاغوتیانی قاجار راپەری بو، جنوبی خوراوای ئازربایجان وکوردستانی کرتبوە دەس. (شەرحی حالی هەباس میرزا مەلیک ئارا پەرەی ٨٩ و٩٣).

---

١- پەرەی ١٢١

٢- چاپی ١٩٧١ز

٣- ژمارە (٦ و٧) ساڵی سیوەم (رێبەندان‌و رەشەمە - بەندان وپوڵان)ی ١٣٢٠ خوری و رەبیع ١ و ٢ ساڵی ١٣٦٦ کوچی مانگی وفەوریەو مارس ١٩٤٧ زاینی و ٢٥٥٩ کوردی پەرەی ٥ تا پەرەی ٣٣

Dr.Saleh Ebrahimi



حەسەنعەلیخــان ئــەمیر نــیزام گــەروسی وەزیــری فـەوایـدی گشـتی بـە فـەوجی (گەروس‌وشاسەوەن)ەوە لە ١٦ زیحەجەی سالی ١٢٩٧ خوی گەیاندە سابلاغ (مەهاباد)ی موکری‌و بەسوێندی ناحەق وبەگزی وفیزی هەمزاغای شەهید کرد.

# حەسەنعەلیخان ئەمیرنیزام گەروسی ۱۲۳۶-۱۳۱۷ی مانگی

ئەمیرنیزام یەکێک‌لە پیاوە بەرێزو دەس وقەلەم جوان‌و خاوەن فەضل و بـەرز ودیار و ئازا وسیاسەت‌زانی رۆژگاری خۆی بوە کە لە سالی ۱۳۵۳ی کۆچی مانگی تا ۵ی مانگی رەمەزانی ۱۳۱۷ی مانگی کە بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە لە ماوەی (۶۴) سـالْ ژیانی خوێدا لە سەرکار بوە، چ لەپلەی نیزا میدا وچ لە کاری رامیاری و ئیداری، چ لە ناو ولاتی ئێرانداوچ‌لە دەرەوەی ولات، بەر پرسی کارو باری گرینگی ئەو سەر دەمەی ئێران بوە.

ئەمیر نیزامی گەروس‌لە بنەماڵەی قەدیمی و لە هۆزی کوردی کە بود وەندە، کە پشت لە گەلْ پشت سەرۆک هۆزوحاکمی‌و لاتی کە روس یاخێوی کارو باری گرینگتری ولات‌بون.

لوتفعەلیخان باپیرەی پێنجەمی ئەمیر نیزام لە رۆژگاری شـا سولەیـمـانی صـەفەویدا حاکمی قوم‌و خەلەجستان بوەو حوسێن عەلیخان باپیرەی چارمی ئەمیر نیزام (ئێشک ئاقاسی) نادرو حەمەدەمین خان بوەو پاپیرەی سێوەمی ئەمیر نیزام لە لایەن کەریم خان زەند حاکمی کرمان بوە، با پیرەی ئەمیر نیزام (نەجەفقولیخان گەروسی) لە نێزیکانی دەزگای هەباس میرزا نایب‌سەڵتەنە بوەو حوکومەتی ئەردەوێل و لەدواپیشداگەروس کە بەشێ لە ئازربایجان دەهاتە ژمار، بە دەس‌بو وسەرۆکی هۆز لەلایەن هەباس میرزاوە درابو بە (محەمەد صادقخان) باوکی ئەمیرنیزامی گەروس‌و محەمەد صادقخان تا مردن هەر سەرەک هۆز بو.

ئەمیر نیزام گەروس: (حەسەنعەلیخان) لە سالی ١٣٢٦ کۆچی مانگی لە بیجار کرسی هەریمی گەروس لە دایک‌بوە تا ١٨ ساڵەیی خەریکی خوێندنی دەرسی وێژاوەری‌و ئەدەبی عەرەبی وفارسی، زانستی باوی سەردەمی خـۆی بـوە و دەسـێ بـالای لە زانسـتی ئـەدەب وفەرهەنگ‌دا پەیاکردوەو ئەشعارێ زوری لە عەرەبی و فارسی لە بەر بوەو دەس‌وقـەڵەمێ جوان‌و پرمایەی هەبوەو لە بەر ئەوەش کە باوک‌و باپیرەی ئەمیر نیزام ئەمەکیان بە سەر هەباس میرزا نایب سەڵتەنەوە هەبوە، محەمەد شا ئەوەی لەچاودا بوەو لە سالی ١٢٥٣ مانگی ئەمیر

Dr.Saleh Ebrahimi



نیزامی گەروسی کردە سەرهەنگی فەوجی گەروس‌ولە گەڵ خۆیشیدا بردی‌یە، جەنگی هەرات و لەگەرانەوەدا کردیە، سەرۆکی قەراولانی ئەرکی تەورێز.

لە ساڵی ١٢٥٧ی مانگی دوای ئەوەی حسەنعەلیخان ئەمیر نیزام لە زیارەتی عەتەبات گەرایەوە، محەمەد شاکردی یە، هەمەکارەی کرماشان‌و لە ساڵی ١٢٦٠ بانگ کرایە، تاران‌و ئەونەی پیٚ نەچو، محەمەد صادقخانی باوکی مردو حاجی میرزا ئاقاسی بەر ئاوەژوی شێوەی قەدیمە حوکومەتی گەروسی لە بنەماڵەی ئەمیر نیزام سەندو دای بە (ئیبراهیم خەلیل خان سەرتیپ، سەڵماسی)و ئەمیر نیزام لەم کارە شێواو هاتەوە بیجارو خانە نشین‌کرا، بەلاٚم میرزا تەقی خان ئەمیر کەبیر پلەو پایەی بەروی دایەوە دەس ئەمیرنیزام گەروسی‌و حەقی بە حەقدار گەیاندەوە.

نوکتە: ئەمیرنیزام سیٚ مانگ بەر لە مەرگی خۆی ئەمەی نوسیوەو ئەم یاد داشتە لای (سوڵتان مەحمود کە بودوەند) کوری عەبدولحوسێن خان سالارموڵک کوری ئەمیرنیزام گەروسە، دوکتور قاسم غەنی رونوسێکی گیر خستوەو دوایی کەوتۆتە دەس خێوی گۆواری یادگارو کەڵکی لیٚوە رگیراوە.

ئەمیر نیزام لەو یادداشتەدا نوسیویەتی: لەکاتی رویشتنی ناصرەدین‌شای قاجار لە تەورێزەوە بۆ تاران وئێمەش ٥٠، ٦٠ کەس لە مام‌و کورمام، بۆ لابردنی ستەم لە سەر خۆمان هاتینە تاران،کاتیٚ ئەمیر کەبیر، چاوی بە ئێمە کەوت، منی کردە حاکمی ویلایەت و سەروک فەوج، منیش وتم: کاتیٚ تۆو ناصرەدین‌شا ئەم لوتفەتان لە گەڵ من کردوە حوکومەت بە (زین‌العابدین خانی مامم) بدە کە ئەم نانە لەکیس چوە پێکەوە بخۆین. ئەمە قەبوڵ کرا، بەلاٚم میرزاتەقی وتی: تۆ زۆر لە هۆزت لایەنگری ئەکەی بەلاٚم بترسە لە رۆژیٚ کە وەک سەگ قولاپەت بەرن بەدەما، میرزا تەقی‌خان ئەمیر کەبیر وتی: شوڵکی تەری بارهێنان بە دەس حوکومەتەو بە مامی وت: ئەبیٚ لە ئەمیرنیزام ئیتاعەت بکەی‌و مامم تامردن لەسەر بەڵێنی من بو.

ئەمیر نیزام لە ١٢٦٥ مانگیدا لەگەڵ سوڵتان مراد میرزا، حسام سەلتەنە ئەچنە مەشهەد بۆ لەناو بردنی (حەسەن خان سالار)و گرتنەوەی مەشهەد، ئەمیر نیزام لەو شەرەدا دلێری‌و ئازایی زۆری نواند، لە پا: شاکردیانە (سەرتیپ)و لە پاشان‌کرا بە مەئمور بۆ لەناو بردنی فیتنەی (مەلا محەمەد عەلی بابی) کە لە زەنجان خۆی نیشان‌دا بو، ئەمیر نیزام بە فەوجیٚ گەرو سەوە، هێرشی بردە سەری کە قەلای (عەلیمەردانخان)ی کرد بوە، پەناگای بابی، ئەو قەلایەی گرت‌و بابی

Dr.Saleh Ebrahimi



یەکانی تارومار کرد. لە جەزای ئەم خزمەتەدا کرایە ژەنرالی ئاجودانی ناصرەدین‌شاو لە ساڵی ۱۲۶۸ی مانگی لەگەڵ ناصرەدین چوە ئیسفەهان.

لە سال ۱۲۷۱ی مانگی ئەمیر نیزام بۆ نەزم دان بە خوراسان چوە مەشهەدو لە ۱۲۷۲ی مانگی‌دا لەگەڵ حیسام سەڵتەنە بۆگرتنی هیرات چوە ئەویۆ بە دو فەوجی گەروسەوە هێرشی بردە سەر حەوشەی هیرات‌و ئەوەڵ ئالآی ئێرانی دوای گرتنی هیرات لە سەربانی قەلآی هیرات چەقاندو لە ۲۵ی صەفەری ساڵی ۱۲۳۷ی مانگی حوکومەتی هیرات درادەس ئەمیر نیزامی گەروسی کورد.

سەر چارلس موری (یەك پیاوی بێکانەی ئینگلیسی) وەزیر موختاری ئینگلیس کە لە تاران بو لەگەڵ (میرزا ئاغاخان) صەدرئەعزەم نێوانی تێک چوو لە ۱۲۷۲ بە تورەیی‌یەوە لە تاران رۆیی‌و لە پاشان لە سەر هیرات‌لە نێوان ئێران وئینگلیس بوە شەڕ، لە ۷ی رەجەبی ۱۲۷۳ی مانگی لە پاریس‌بە ناوژی گەری ناپلئونی ۳ لە نێوان ئێران و ئینگلیس‌دا پەیمانێک مۆر کراو، ئیتر حەسەنعەلیخان ئەمیر نیزام لەلایەن ئێرانەوە، چوە بەغاو (موری) ئاشت کردەوەو ناردییەوە تاران‌و لەو تاریخەوە تا ساڵی ۱۲۷۵ی مانگی بوە مەئموری کارو باری ئێران لە دەروەوەو لە ۱۲۷۵ەوە شازادە عەلیقولی میرزا ئیعتیضاد سەڵتەنە بوە صەدر ئەعزەم و کۆرێ لە شاگردانی دارولفنونی تارانی بۆ فێر بونی زانستی جیاجیا نارده ئوروپاو ناصرەدین‌شایش حەسەنعەلیخان ئەمیر نیزامی گەروسی کردە سەفیر لەدەرباری فەرانسە و ئینگلیس، وەزیری عولوم چل‌ودو دانیش‌ئامۆزی ناردۆتە فەرانسە وکارو باری ئەوانەیان دایە دەس ئەمیر نیزام.

دوای ئەوەی ئەمیر نیزام چوە پاریس سەرهەنگی فەوجی ئەوەلی گەروسیان دایە دەس (یەحیاخان) کوڕ،ئەمیر نیزام ئەم (یەحیاخانە) لە ساڵی ۱۲۸۲ی مانگی بە نەخۆشی (وەبا)ی کرمان مردوەو (پەندنامەی یەحیەوی) ئەمیر نیزام بۆ ئەم (یەحیاخانە)دا نراوە. ئەمیر نیزام لە سەفەری ئوروپادا چوتە دەرباری لەندەن، تورین، پاریس، بێرلەن‌و بروسیل، لە مانگی موحەرەمی (۱۲۷٦ی کوچی مانگی و ۱۸۵۹ی زاینی) چوەتە دەرباری پاریس‌و بۆماوەی حەوت ساڵ لە فەرانسە سەفیر بوەو لەو ماوەدا خەریکی لێکۆڵینەوەو سەرنج‌دان بە فێرگەکانی نیزامی‌و نەخۆشخانەو کارگەکان و سەرپەرستی کردنی خوێندکارانی ئیرانی لە ئوروپا بوە، لە ساڵی ۱۲۸۲ بانگیان کردەوە، تاران‌و دوای ساڵێ، ناردیانەوە پاریس بو سەر جێگاو رێگاکەی

Dr.Saleh Ebrahimi



جارانی‌و لە ساڵی ۱۲۸۳ لە بەر نەخۆشی هاتەوە تاران‌و تا بەرواری ۱۲۸۸ بە ناوی ئەندامی (دار الشوری) دەس بە کار بوەو لە ۲۰ی موحەرەمی ۱۲۸۸ بوەسەفیر لە ئەستەمبوڵ‌و بۆ چاردە مانگ لە ئەستەمبوڵ مایەوەو لە ساڵی ۱۲۸۹ وازی لەو کارە هێناو هاتەوە تاران‌و پلەی ئەمیر تومانی پێدراو بوە وەزیری فەوایدی گشتی ولەم ماوەدا دو ساڵ خەریکی خۆش کردنی رێگای مازندەران لە (لاریجان)و (ئامول) بو، تا کردنی‌یە، ئەرابەرەو لە سەفەری یەکەمی ناصرەدین‌شا بو فەرەنگ ئەمیر نیزامی گەروسی کوردی لەگەڵ بو.

حەزرەتی شیخ عوبەیدیلای کوری حەزرەتی سەید تاهای شەمزینی کە لە ساڵی ۱۲۹۷ کوچی مانگیدا بە دژی ستەم کاران وتاغوت وتاغوتیانی قاجار راپەری بو، جنوبی خوراوای ئازربایجان‌و کوردستانی گرتبوە دەس.[1]

حەسەنعەلیخان ئەمیر نیزام گەروسی وەزیری فەوایدی گشتی بە فەوجی (گەروس و شاسەوەن)ەوە لە ۱۶ی زیحەجەی ساڵی ۱۲۹۷ی خۆی گەیاندە سابلاغ (مەهاباد)ی موکری.

دوای قلبەوە بونی راپەرینی حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا حەسەنعەلیخان لە لایەن حاجی میرزا حوسین‌خان سپاسالار کرایە حاکمی سابلاغ‌و سایە نقەلاو لە راستیدا حوکومەتی ئەم دو ولاتە کەوتە سەر حوکومەتی گەروس کە بە میرات بە دەس ئەمیر نیزامی گەروسی کوردەوە بو.

دوای ماوەیەکی کەم (ورمێ‌و خۆ)یش کەوتە سەر گەروس‌و هەر لەو سەر دەمەدا بو کە ناصرەدین‌شای قاجار (شیری مورەصەعی) کردە خەڵاتی‌و ناز ناوی سالاری لەشکریشی‌دا بە ئەمیر نیزام.

ئەبێ بزانین هەر ئەمیر نیزامە بوکە ویرا بوی برواتە سابلاغ. لەو سەردەمەداکەڵ بە موێی بەند بو، دنیا بەدەس حەزرەتی شێخ بو، بەڵام دوای دەس بە سەر بونی شێخ لە مەکە، هەمزاغا بە ناونجی‌گەری (میرزا قاسم قازی) هاتە سابلاغ، هەمزاغا زۆر بە خۆی دەپەرما، لەگەڵ براو برازای‌و چەن کەسێ لە پیاوەکانی خۆیدا هاتن‌بۆ دیداری (وەزیر فەواید) ئەو دوسەت سوارە چەکداوەی کە لەگەڵی دا بون، لەو تەپەی وا بە سەر سابلاغیدا ئەی‌روانی بە جێی هێشتن، هەمزاغا خۆی‌و براو برازاکانی لە چادری: (وەزیر فەواید)دا بەزین، هەمزاغا لە سەر صەندەلی‌یەک دانیشت کە تایبەتی (وەزیر فەواید)بو، شکا هەمزاغا ئەمەی بە بەد یومن زانی لەو دەمەدا، لە هەر، لایەکەوە، دەس رێژ کرایە، سەر هەمزاغاو ئەوان و هەمو شەهید کران‌و لە

---

۱ ـ شەرحی حالی عەباس میرزا مولک ئا راپەرەی ۸۹ و ۹۳

Dr.Saleh Ebrahimi



پیاوی وەزیر فەوایدیش، چەن کەس کوژران، ئەڵێن: باڵوێزی روسیە رەخنەی لە ئێران گرتوە، کە بوٚوا بە ناپیاوانە هەمزاغاو ئەوانیان بە فێڵ رەشەکوژ کردوە. دەرباری قاجاری خوێنرێژو ستەمکار زوٚری بوٚدێ، نازانێ چلون وەڵام بداتەوە.

وەزیری فەوایدی گشتی دەرباری قاجار لە وەلاما ئەڵێ: هەمزاغا خوٚی فریوی خواردوە، نە ئەبووا بە قسەی (میرزا قاسم قازی) زو هەڵ خڵەتێ، دیارە قاجار نەی ئەتوانی هەمزاغا بە زیندویەتی ببینێ، بە هەر فێڵێ بوٚی بکرا با، ئەیکوشت، سەر ئەنجام کورد کوردی کوشت.

## حاجی سەیاح:

نوکتە: حاجی سەیاح ئەنوسێ: وەزیری فەوایدی گشتی قورئانی بوٚ هەمزاغا موٚر کرد بو کە تامن زیندوم نایەڵم مویەک لە سەرت کەم بێتەوە.

کاتێ هەمزاغا دێتە مەهاباد، هەندێ لە دوٚستانو هاورێکانی بەهەمزاغا ئەڵێن: با نەچین نە بادا خە یا نەتمان پێ بکەن، هەمزاغا دڵێ: مەترسن قورئانی بوٚ موٚر کردوم خەیانەتم پێ نەکا، کەچی بەو جوٚرە ناپیاوانە خەیانەتی بە هەمزاغاکردو هەمزاغاو خزمو کەسوکارو پیاوەکانی شەهید کران.[١]

محەمەد یوسف هیرەوی لە کتێبی[٢] ئەنوسێ: ئەمیر نیزام کاغەز، بو هەمزاغا ئەنوسێو بەڵێنی حوکومەتی کوردستانو سابلاغی پێ ئەدا، بەو مەرجەی بێ لەنیزیکەوە، بی بینێ وسویندیشبوٚ هەمزاغا ئەخوا تامن (ئەمیر نیزام) زیندوم نایەڵم مویەک لە سەرتکەم بێتەوە.

هەمزاغاش دڵنیا ئەبێو بەڵێنی هاتن بوٚ سابلاغ ئەدا، ئەمیر نیزام بوٚ روٚژی دیاری کراو، دو فەوج بوٚ دەس رێژکردنە سەر هەمزاغاو ئەوان، لە چادرەکانی لای راستە لە حەشار ئەداو دەستور ئەدا لە دەواری لای سەراپەردەی خوٚی رەهەندو زاغە یەکساز بدەنو زەوی هەڵ کوڵن، ئەڵێ: هەرکاتێ هەمزاغا هات منلە چادرەکە، ئەروٚمە دەرێ، ئێوە سەراو پەردەو دەوارەکەی من تیرباران بکەن، کاتێ هەمزاغا،دا ئەبەزێ، ئەمیرنیزام لەگەڵ سێ کەس لە هاورێکانی خەریکی خواردنی شیرینی وخواردنەوەی شەربەت ئەبن.

١ - بیرەوەری حاج سەیاح لەسەفەر بوٚکوردستانو مەهاباد وئەو ناوە ناوە
٢ - عین‌الوقایع پەرەی ٢١٢خویدا

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەمیرنیزام بە بیانوی سەرئاو چون لە چادرەکە ئەچێتە دەرێ، ئەوانەی لە بنەوە ئاگایان لەم فێڵە بوە لەگەڵ ئەوا ئەرۆنو سێ کەس لە خزمەتکاران لەوێ ئەمێنن، ئەمیر نیزام ئەچێتە ناو زاغەو رەهەندەکەوەو ئیجازەی تەقە ئەدا، لە ناکاو دو فەوج سەرباز ئەرژێن بە سەر هەمزاغاو دوانزە هاورێکەیداو تیربارانیان ئەکەن، تا هەمزاغا،وەخۆ ئەکەوێ کار لە کار ئەترازێو کوژین و هەمزاغاوهاو ریکانی تاقی دەرناچێ و سەریان ئەکەن بە نوکی سە نیزەوەو بەناوی زاڵ بون، بە سەر هەمزاغا و ئەوانەدا، ئەیان، نێرینە، تاران بۆلای ناصرە دین‌شای خوێن رێژو ستەم کاری قاجار

## حەزرەتی سەید طَه (تاها)

ئەڵێن: حەزرەتی سەید تاهای باوکی شێخ عوبەیدیلای غازی شوێنی زۆر بوەلەسەر (شامحەمەد) جا هەرلەم سۆینگەوە شا بۆتە مریدی ولەبەری دانەواندوەو یالە خۆشەویستیدا مانگانە پێنسەت تمەنی دراو بۆ بڕیوەتەوە، بۆخەرجی خانەقا ومیوانداری ودەگوندیشی لەگوندەکانی مەرگەور داوەتێ وپێ بەخشیوە.

## شیخی مەزن وشێخ عەبدولقادر

لە ساڵی ۱۲۹۳ کە رۆمو روس لەجەنگابون شێخ عەبەیدیلای غازی (نەهری) بە (۳۰= سی) هەزار سوارو پیادەوەبەرەو قارس هاتوەو پاشای وەسمانی هەندێ چادر وکەرەستەی جەنگی داوە بە شێخ عوبەیدیلای غازی تابتوانێ لەگەڵ روسا جەنگ بکا. بەلاّم دوای هەندێ جەنگ لەگەڵ روسا بەرەو ناحیەی آلباغ کشاوەو لەوێوە بەرەو خۆ و سەلّماس و ورمێ بزوتوە.

حەزرەتی حاجی سەید شیخ عەبدول قادر گەیلانی زادە سێ ساڵ بەرلەو مێژوە ئەم حەزرەتە هاتبوەشاری (ورمێ)و ئەو ناوە ناوەو لەشاری (شنۆ)عەبدولاّخانو برایم‌خان کە باو باپیرانیان حاکمو میرمیرانی (شنو)بونو لە رۆژگاری دەسەلاّتی (ئەحمەد میرزا)دا عەزل کرابون، یەک ئەکەوێو پەیمانی هاوکاری پێکەوە گرێ ئەدەنو بۆ یەک خستنی کوردان ئەکۆشنو سەرخێڵی ئیلی رەوەند (فەقێ یوسف)ی خوشکەزایو محەمەداغای مامشو هەندێ سەرۆکی تر یەک ئەخات.

چونی هەمزاغای مەنگور لە سابلاّغەوە بۆلای حەزرەتی شێخ عوبەیدیلای غازی.